# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە

ئەنور حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:

د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود - باوان عومەر - زریان محەمەد



2015

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە
# کارل مارکس

بەرگی حەوتەم

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

ئامادەکردنی: کۆمەڵێك نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال
دیزاین: هەرێم عوسمان - ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 55 )

# بابەتگەلێک لەسەر فیورباخ
# دەستنوسێکی مارکسە لە بەهاری 1845 نوسیویەتی

. 1

ئەو کەموکورتیە سەرەکییانەی کە لە ماتریالیزمی پێشوودا هەبوو، بە ماتریالیزمی فیورباخیشەوە، شتێکی ( gegenstand ) واقیعی هەستیاریە، ئەگەر بابەتیانە ( objekt) نەبێ نابینرێت، نە بەشێوەی تێڕامان ( ANSCHAUUNG )، نە بەشێوەی چالاکی هەستیاری ئینسانی و نە بەشێوەی ئەزموونی، تەنانەت لە تێڕوانینی خودیشەوە دیار نیە.

لەم رووەوە کە لایەنی زانستیە، بە جیاوازی ماتریالیشەوە کە ئایدیالیزم تێیکەوتووە و شێوەیەکی ئەپستراکتیە، ئایدیالیزم پێناسە ناکرێت، بەهەر حاڵ لەئەسڵدا چالاکیەکی واقیعی هەستیاریە، بۆیە (فیورباخ)یش دەیەوێت خۆی لە قەرەی بابەتە هەستیارە فکرییەکان بدات، بەڵام چالاکی ئینسان وەک چالاکیە واقیعییەکان نابینێت، هەر بۆیە لە نوسینەکانیدا گرنگی پێنەداوە.

جەوهەری مەسیحیەت شتێکی ئینسانیە و چالاکیەکی تیۆریە، لەکاتێکدا چالاکی کردەیی نابینێ و سنوریشی بۆ دانانێ، تەنانەت لەپەوارێزە بازرگانیەکەشی گرنگی بەچالاکی شۆڕشگێڕانە نادات.

مەعریفە کە بیرکردنەوەیەکی ئینسانیە و هەقیقەتێکی واقیعی هەیە، هەروەها قەزیەیەکی تیۆری رەهاش نیە، بەڵکو قەزیەیەکی کردەییە، پێدەچێت لە چالاکییەکانی ئینساندا پێویست بێت هەقیقەت جێگیر بکرێت، یان واقیعیەت و هێزێکی بیرکردنەوەی دیکە هەبێت کە «بوون»ە، هەر

ئەمەشە بیرکرنەوەمان لە ئێستادا، موناقەشەش دەربارەی واقیعی بوون و ناواقیعی بوون، جۆرە بیرکردنەوەیەکی گۆشەگیرانەیە سەبارەت بە چالاکی کردەیی، بەڵام بۆخۆی قەزیەیەکە یان قسەیەکی رووتە، یان هەڵەیەکی فکرییە.

.2

تیۆری ماتریالیزمی لەو باوەڕەدایە کە خەڵک بەرهەمی هەلومەرجی پەروەردەیین، ئەو خەڵکانەش کە گۆڕاون، خەڵکی هەلومەرجێکی دیکەی پەروەردەیی گۆڕاون کە ئەمە هەڵەیە، چونکە ئەم تیۆرەیە بیری چووە کە خەڵک خۆیان هەلومەرجی خۆیان دەگۆڕن، ئەوانەش کە خەڵک پەروەردە دەکەن خۆیان پێویستیان بە پەروەردە هەیە، بۆیە دەگاتە ئەوەی کە کۆمەڵگە دابەشی سەر دوو بەش بکرێت، یەکەمیان لە سەرووی کۆمەڵگەوەیە کە بەلای (رۆبرت ئۆئینە)وە وایە، دووەمیشیان چینەکەی ترە کە لە خوارەوەیە.

.3

(فیورباخ) لە واقیعی خۆیدا وای بۆ چووە کە ئایین ئیسنان لە خودی خۆی دوور دەخاتەوە، جیهانی وەهمی بۆ جیهانێکی واقیعی تەوزیف دەکات، کارەکەشی لە دونیای ئاینیدا چڕ دەکاتەوە بۆ سەر زەوی، چونکە ئەو تەماشای ئەوە ناکات کە کەی ئەم کارە کۆتایی پێهاتووە، دەمێنێتەوە شتێکی سەرەکی کە هیچ بەدەستناهێنێ، واقیعیش بونیاتی سەرزەمینە کە دادەبڕێ لەخۆی، هەروەها خۆی دەگوازێتەوە بۆ شوێنێک کە بەهەشتێکی سەربەخۆیە، ئەمەش هیچ شرۆڤەیەکی دیکەی نیە، جگە لە پاڕادۆکسێکی ناوەکی بۆ ئەم قاعیدەیە، بۆیە پێویستە لەم دوا پاڕادۆکسە تێبگات، دواتر پێویستە لەرێگەی نەهێشتنی ئەم پاڕادۆکسەوە بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە

ڕێکیبخاتەوە. هەروەها لەسەریەتی کاتێک کە بۆ نموونە نهێنی خێزانی پیرۆز لە خێزانی سەرزەمین بدۆزێتەوە، پێویستە لەرووی تیۆریەوە رەخنە لە خودی خێزانی خاکی بگرێت و بە شێوەیەکی پراکتیکی بیگۆڕێت بۆ شۆڕش.

.4

وەختێک فیورباخ رازی نابێت بە بیرکردنەوەی ئەپستراکتیش، لە تێڕامانێکی هەستییەوە دەرەنجام وەردەگرێت، کەچی هەستەوەرییەکان بە چالاکی کردەیی و هەستە ئینسانیەکان نازانێت.

.5

فیورباخ جەوهەری ئایین لە جەوهەری ئینساندا دەتوێنێتەوە، لە کاتێکدا جەوهەری ئینسان داماڵراو نییە لە تاکی گۆشەگیردا، ئەمەش لە هەقیقەتدا کۆمەڵێک پەیوەندی کۆمەڵایەتیە.

.6

ڕێکەوتن هەلومەرج و چالاکی ئینسانی دەگۆڕێت. ناکرێت وەکو چەمکێکی عەقلانی تەماشا بکرێت، بەڵکو ئەوە شۆڕشە دەیگۆڕێ کە فیورباخ رەخنە لە جەوهەری ئەم هەقیقەتە ناگرێت، لەبەر دوو هۆکار:

ا. لەبەر ئـەوەی خۆی وابەستەی سەیرورەی مێژوو دەکـات کە لەهەستی ئاینی خۆیدا مەوجوودە.

ب. لەبەر ئـەوەی جەوهەری ئینسان بە جۆرێک دادەنێت کە گشتاندنێکی ناوەکیە و هیچی دیکە، هەروەها زۆربەی تاکەکان بە رووت بوونەوەی سروشت لە قەڵەمدەدا.

.7

دەرەنجام فیورباخ وای نابینێت کە هەستی ئاینی خۆی لەخۆیدا بەرهەمی کۆمەڵایەتیە کە تیۆری سوفیگەرێتی پیاتێپەڕ دەبێت، چارەسەرە عەقلانیەکەشی لە چالاکی ئینسانی عەمەلیدا و لە تێگەیشتنی ئەم چالاکیەدا دەبینێتەوە.

.8

ئەوەی کە گەیشتۆتە تێڕامانێک بۆ ماتریالیزم، یان ئەو ماتریالەی کە وای دادەنێت کە هەستەکان چالاکی پراکتیکین، لە کاتێکدا تێڕامان تاکی گۆشەگیر کردووە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

.9

کۆمەڵگەی مەدەنی بۆچوونی ماتریالی کلاسیکیە، بۆچوونی ماتریالی نوێخوازیش کۆمەڵگەی بەشەریە، یان ئەو بەشەرەیە کە شێوەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتیە.

.10

فەیلەسوفەکان هیچ شتێکیان نەکرد، جگە لەوەی کە جیهانیان وێنا کرد بەشێوەی جیاواز، بەڵام لەلای ئێمە گرنگی فەلسەفە و فەیلەسوف بۆ ئەوەیە کە جیهان بگۆڕێت.

# نامەی دووەم
# لە مارکسەوە بۆ ب. ف. ئانینکۆف

**ئازیزم ئانینکۆف**

سەرەتا لەوێوە دەستپێدەکەم کە دەبوو وەڵامی ئەو نامەیەت بەدەست بگەیشتایە کە تشرینی دووەم ناردبووت، بەڵام خاوەنی ئەو کتێبخانەیەی کە من کتێبی لێدەکرِم، چونکە هەفتەی رابردوو لەگەڵ نامەکەدا تەنها کتێبی هەژاری فەلسەفەی بۆ نەناردبووم، ئەویش لەماوەی دوو رۆژدا خوێندمەوە، بۆ ئەوەی بتوانم لەبارەی ئەو کتێبەوە بۆچوونی خۆمت بدەمێ، هەرچەندە بەپەلە خوێندمەوە، بۆیە ناتوانم شرۆڤە و وردەکاریەکانت بدەمێ، بەڵام دەتوانم ئاگادارت بکەمەوە لەوەی کە وازم لە هەندێک لە بۆچوونەکانی خۆم هێناوە، خۆ ئەگەر ویستیشت لە نامەی دووەمدا بەوردی پێناسەکەت بۆ دەنێرم.

دەبێت دان بەوەدا بنێم کتێبێکم بینیوە وەڵامی زۆری دەوێت، تۆش لە نامەکەتدا بە بەرز راگرتنی فەلسەفەی ئەڵمانی پێدەکەنی کە لە کتێبەکەی (برِۆدۆن)دا دەردەکەوێت و لەشێوەی نییە، بەڵام من دەتوانم گرەنتی ئەوەت پێبدەم کەئەو باسە ئابوورییە هیچ کاریگەریەکی ژەهراوی ناکاتە سەر خودی فەلسەفە، بۆیە ئەگەر وابێت منیش بەهەمان شێوە هەڵەی باسە ئابوورییە فەلسەفیەکەی برِۆدۆن دووبارە دەکەمەوە، برِۆدۆن رەخنەیەکی بەتاڵ و بێناوەرِۆکمان پێشکەش ناکات لەسەر ئابوری سیاسی، لەبەر ئەوەی خاوەنی تیۆرییەکی فەلسەفی بێ بەهایە، هەربۆیە لە

ئێستادا فەشەلی هێناوە لە تێگەیشتنی تیۆری کۆمەڵایەتی، چونکە بڕۆدۆن ئەم وشەیە کەمەبەست لە هەژاریە لە (فۆریە) وە وەریگرتووە.

بۆ نموونە (برۆدۆن) بۆچی بە ڕەهایی قسە لەسەر خوا دەکات و لەسەر هەقیقەتی ئینسان کە کەسایەتیەکی تره و هەڵە ناکات، ئەگەر هەموو کەسێک پێویستی بە حەقیقەت نییە بۆ ئەوەی حەقیقەت بزانیت، ئەی بۆچی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تیۆرە لاوازانەی (هیگڵ)، تاکو پێمان بڵێت من بیرمەندێکی ئازام؟. لە کاتێکدا بڕۆدۆن بە کلیلێکی نهێنی پێشماندەکەوێت.

ئەمە جگە لەوەی کە (بڕۆدۆن) ئەوەش دەبینێ کە لە مێژوودا کۆمەڵێک پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەیە، هەروەها ئەوەشی بینیوە کە پێشکەوتن لە مێژوودایە، سەرەنجام خەڵک وا دەبینێت ئەوەی کە دەیکەن نەزانین و هەڵە تێگەیشتنیانە بۆ بزووتنەوە، بەوەی کە پێشکەوتنیان لەبواری کۆمەڵایەتیدا نییە. پێدەچێت ئەم حاڵەتەی سەربەخۆییەکی تێدا هەبێت و ئیمتیازێکی هەبێ بۆ پیشکەوتنی خۆی، بۆیە ناتوانێت ئەم راستیانە شیبکاتەوە، هەر بۆیە پێشنیاری ئەگەری راستیە رەهاکان دەکات و بەمەش خودی خۆی ئاشکرا دەکات، هیچ شتێکیش بەقەد ئەوە ئاسان نییە پێشنیازی خەیاڵی بی زەوق بکەیت.

ئەو کاتەی (بڕۆدۆن) قبووڵ دەکات هیچ شتێک لە بارەی گەشەی مێژووی خودی ئینسانەوە نازانێت، ئەوەش قبووڵ دەکات وشەی حەقیقەتی جیهانی و خوا و هتد بەکاربێنێت، لە هەمان کاتیشدا قبووڵی ئەوەش ناکات کە بڵێت ناتوانم لە گەشەی ئابوری تێبگەم.

کۆمەڵگە چیە کەشێوەکەی هەر چۆنێک بێت، لەکاتێکدا بەرهەمی کاری خەڵکی هاوشێوەیە، ئایا خەڵکی ئازادیخواز ئەم شێوەیەیان هەڵبژاردووە ؟، یان هەر خودی ئەو شیوەیەی کۆمەڵگەیە؟، بێگومان نێڕوانین لە حاڵەتی

گەشەی تایبەت لە هێزی ئینسان، شێوەیەکی تایبەتی بازرگانی و بەکاربەر بەدەست دێنێت کە لە پیکهاتەی کۆمەڵایەتی هاوشێوەی تری هەیە، هەروەها ریکخستنێکی هاوشێوە بۆ خێزان و سیستمی چینەکان بەدەست دێنێت، بە کورتی کۆمەڵگەیەکی شارستانی هاوشێوە بەدەست دێنێت، تێڕوانینی کۆمەڵگەی شارستانیش لەسەر حاڵەتە سیاسیە فەرمییەکان دیاری کراوە، ئەم زاراوانە تەعبیر لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەن، بۆیە بڕۆدۆن لەمە تێناگات و پێیوایە شتێکی گەورە دەکات کە دەوڵەت بۆ کۆمەڵگە دەگێڕێتەوە.

وابزانم جوان نییە بڵێین خەڵک ئازادیخواز نین لە هەڵبژاردنی هێزی بەرهەمهێنانیان، کە ئەمە بونیاتی هەموو مێژویانن، لەبەر ئەوەی هەموو هێزی بەرهەمهێنان، برێتیە لە هێزی داواکراو و بەرهەمی چالاکی رابردوو، هێزی بەرهەمهینانیش برێتیە لەسەرەنجامی چالاکی ئینسانی واقیعی، بەڵام ئەم چالاکیە پەیوەندی بەو حاڵەتانەوە هەیە کە لە خودی ئینساندا دەیدۆزینەوە و گرێدراون بەهێزی بەرهەمهێنان لەم واقیعەدا، هەموو نەوەکان خاوەنی هێزی بەرهەمهینانن کەنەوەکانی پێشوو بەدەستیان هێناوە، ئەوەش کە خزمەتیان دەکات وەکو میکانیزمی سەرەتایی بۆ بەرهەمی نوێ، گرێدانیەتی بە مێژووی بەشەریەتەوە، مێژووی ئیسنانیش شێوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، ئەمەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە مێژووی خەڵکی کۆمەڵایەتی، تەنها پێشکەوتنی تاکە.

پەیوەندی خەڵکی ماتریالی بونیاتی هەموو پەیوەندییەکانە، ئەم پەیوەندیە مادییانەش شێوەیەکی زەروریە کە چالاکی تاک بەدەست دێنێت.

بڕۆدۆن لەنیوان فکرو و شتەکاندا هەردوکیان تێکەڵ دەکات، خەڵکیش کەڵکی لێوەرناگرن، بەڵام ئەمەش مانای ئەوەنیە شێوەیەکی کۆمەڵایەتیان وەرگرتووە کەلەم مەیدانەدا هێزێکی بەرهەمهینانی دیاریکراو بەدەست

دێنن، بە پێچەوانەشەوە، بۆ ئەوەی بێبەش نەبن لە دەرەنجامی ئەوەی کە بەدەستیان هێناوە، بۆ ئەوەی بەرامبەر نەبن لە شێوەی بازرگانییەکان لەگەڵ هێزە بەرهەمهێنەکان، تا هەموو شێوەکانی کۆمەڵایەتی بگۆڕن، من وشەی بازرگانی بەکار دێنم، چونکە مانایەکی فراوانی هەیە، هەروەک ئەوەی کەلەزمانی ئەڵمانیشدا بەکاریدێنم، بۆ نموونە ئیمتیازات و پێکهێنانی سەندیکا پیشەییەکان و یەکێتیەکان، هەروەها پەیڕەوە ناوخۆییە دانراوەکانیش کەلەسەدەکانی ناوەڕاستدا دانراوە، هەر هەمووی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوون و بەرامبەر هێزی کۆمەڵایەتی ئامادەیە، ئەوەش کەلەدەزگاکاندا و لەسیستمی بەرگریەکانی هاوکاری کردنی سەندیکا پیشەییەکاندا هەبوو، سەرمایەداری کۆی دەکـردەوە، ئەو بازرگانیەش کە لەپشت دەریاوانەکانەوە گەشەیان دەکرد و ئیمپریالیزمیان دادەمەزراند، بەرهەمی ئەو پیاوانە بوو کە ئەگەر ئەوان هەوڵیان نەدابایە داگیری دەکردن، ئەو کێشانەش گەشەی دەکرد لەنێو ئەو بەرهەمانەی کە دوادەخران، بەمشێوەیەش ئەم هۆکارانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی هەردوو شۆڕشی ساڵەکانی 1640 – 1688.

لێرەوە دەبینین هەموو کێشە ئابوریە کۆنەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دادپەروەری بوون، ئەو پەیوەندیە سیاسیانەش کە تەعبیری فەرمی بوون بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی کۆن، هەموو ئەو کێشانە ئینگڵستانیان وێرانکرد، هەربۆیە ئەو کێشە ئابورییانەی کە ئینسانیان بەرهەمدەهێنا و بەرکابەر و ئاڵوگۆڕ لە سێبەریدا کێشەی گواستنەوە و مێژوو بوو، بۆ پەیداکردنی میکانیزمی بەرهەمهینانی نوێ، خەڵکیش جۆری بەرهەمیان دەگۆڕی بە بەرهەمێکی تر کە لەگەڵ هەموو پەیوەندیە ئابوریەکاندا پەیوەندی تاک بوو، بۆیە جۆرێکی تایبەتی بەرهەمهێنان بوون.

برۆدۆن لەمەش تێناگات و ناتوانیت شیبکاتەوە، هەروەها ناشتوانێت

لەگەڵ بزوتنەوەی حەقیقەتی مێژووییدا کۆک بێت، بۆیە خەیاڵەکانی خۆی بە دیالیکتیک دەزانێت، شعوریش بەوە ناکات قسە لەسەر هەردوو سەدەی حەوتەم و هەشتەم بکات، لەبەر ئەوەی مێژوو لەلای ئەو تەواو بووە لە خەیاڵ و پڕە لەکاتی بەتاڵ، بە کورتی ئەمە مێژوو نیە، بەڵکو ئەوە هیگڵیزمی کۆنە، بۆیە نەک هەر مێژووی دروست کراو و مێژووی ئیسنان نیە، بەڵکو ئەوە مێژووی پیرۆزکراوە و مێژووی فکرەکانە، لەم بۆچوونەوە ئیسنان تەنها دەبێتە میکانیزمی فکرەیەکی حەقیقی ئەزەلی تاکو تێیدا دەربکەوێت، هەروەها لەو گەشەیە تێدەگات کە برۆدۆن قسەی لەسەر دەکات، کە گوایا گەشەسەندن تەواو نابێت، تەنها ئەو کاتە نەبێت لە هەناوی فکرەیەکی رەهادایە، ئەگەر پەردەش لەسەر ئەم سیفەتە سۆفیە هەڵنەدرێتەوە، تۆ نایدۆزینەوە، ئەوە تەنها برۆدۆنە پەیڕەوێکت پیشکەش دەکات کە خاوەن بەرنامەیکی ئابوریە، من داوای ئەوەت لێناکەم هەوڵێکی گەورە بدەیت بۆ ئەوەی ئیسپاتی بکەیت ئەو خاوەن پەیڕەوێکی عەقڵ ئانارشستیە.

برۆدۆن بەو کتێبە دەستپێدەکات کە گوایە شیکردنەوە بۆ بەهایەک دەکات، لە کاتێکدا تێیدا خۆی بابەتێکی بچوکە، بۆیە ئەمڕۆ ناگەڕێم بەدوای فکرەیەکی وەهادا، ئەو بەرنامانەش یان ئەو کۆمەڵە گەشە ئابورییانەی بۆ حەقیقەتێکی رەها، بە دابەشکردنی کار دەستپێدەکات، دابەشکردنی کاریش بەنیسبەت برۆدۆن شتێکی ئاسانە.

ئایا سیستمی مەزهەبەکان دابەشکردنێکی تایبەت بەکار نیە؟ ئایا سیستمی هاوکارییەکان دابەشکردنێکی دواکراو نییە؟ ئەی دابەشکردنی کار لە سیستمی پیشەسازی، ئەوەی کە لە نیوەی سەدەی حەڤدەدا دەستی پێکرد و لە بەشی دواهەمینی سەدەی هەژدەهەم کۆتایی پێهات، دیسان جیاوازییەکی گشتی نییە لە دابەشکردنی کار لە پیشەسازی نوێ کە بەرهەمێکی گەورەیە؟.

بڕۆدۆن زۆر دووره له حەقیقەتەوە، تا ئەو کاتەی کەمتەرخەمە وەختێک کە هەوڵی ئەوە دەدات ئابوریناسە دەستکردەکان دەرکەون، ئەو کاتەش قسە لەسەر دابەشکردنی کار دەکات، شعور بەوە ناکات پێویستە باس لە بازاڕی جیهانی بکات، باشە بۆ وەڵامی ئەوە نادانەوە کە دابەشکردنی کار لە سەدەکانی چواردەهەم هەبوون و لە سەدەی حەڤدەهەم کە داگیرکراوەکان سەریان هەڵدایەوە، رۆژهەڵاتی ئاسیاش لە رێگای قوستەنتینیەکانەوە هەبوون، جیاوازیش بوون.

ئەمە هەموو باسەکە نیە، ئایا هەموو رێکخستنەکانی گەلانی ناوخۆ؟ ئایا هەموو پەیوەندیە نیودەوڵەتییەکان، تەعبیرە لە زاراوەی تایبەت بە دابەشکردنی کار؟ دەبێ هەموو ئەمانە نەگۆڕێن کاتێک دابەشکردنی کار دەگۆڕێ؟.

بڕۆدۆن زۆر کەم لە مەسەلەی دابەشکردنی کار تێدەگات. چونکە باس لە جیاوازی نێوان شار و لادێ ناکات، ئەم پێناسەیە بۆ نموونە لە سەدەی نۆوە تاکو سەدەی هەژدەهەم لە ئەڵمانیادا هەبوو، ئەم جیاوازیەش یاسایەکی ئەزەلیە، لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەی رەسەنایەتی و گەشەسەندن ناکات کە لە کتیبەکەشیدا قسە لەسەر شتێک دەکات، وەکو ئەوەی جۆرێکی تایبەتی بەرهەمی خوڵقاندبێت، تا کۆتایی زەمانیش بەردەوام دەبێت، هەموو ئەوانەی کە بڕۆدۆن لەسەر دابەشکردنی کار دەیڵێت، پوختەیەکە لە بێمانایی، وەک ئەوەی (ئادام سمیس) و هەزار کەسی تری وەک ئەو گوتیان.

**پێشکەوتن دووەم کەرەسەیە**

پەیوەندی نێوان دابەشکردنی کار و کەرەسە، پەیوەندییەکی سۆفیانەیە بە نیسبەت بڕۆدۆنەوە، هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی دابەشکردنی کار کارتی

بەرهەمهینانی تایبەتە، لەنێوان ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەم و ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، خەڵک هەموو کارێکیان بەدەست نەدەکرد کەرەستە هەبوون و کەرەستەکانیش زۆر نالەبار بوون.

هەربۆیە نالەبارترین کار ئەوەیە کە بەرهەمی فکرەی کەرەستە لە دابەشکردنی کاردا ببینینەوە، دەتوانم دیسان تێبینیم هەبێت کە بڕۆدۆن تێناگات لە ئەسڵی سەرهەڵدانی کەرەستە و لە گەشەسەندنیشی تێناگات، هەموو کەسێکیش دەتوانێ بڵێت تا ساڵی 1825 ئەو ساڵەی کە قەیرانی گەورە لە ئارادابوو، داواکاریە بەکارهێنراوەکان زیاتر بوون لە بەرهەمهێنانی زیاتر، گەشەسەندنی میکانیزمەکانیش لە ئەنجامی پێویستی بازاڕەوە زەرورەتیان وەرگرتووە، لە ساڵی 1825 داهێنان و پراکتیکی میکانیزمێک دەبینین کە لە ئەنجامی ئەو جەنگەبوو لەنێوان کرێکاران و بەکارهێنەراکیانەوە سەریهەڵدا، بەڵام ئەمە تەنها لە ئینگلستان تەحقیق بوو، ئەوەش کە پەیوەندی بە دەوڵەتانی ئەوروپاوە هەبوو، ئەوان میکانیزمیان بۆ ئیسپات وجوودی خۆیان بەکارهێنا لە بەرامبەر ئینگلستان کە لە کێبڕکێی ئینگلیزەکان و بازاڕەکان لە ئارادا بوون، بە تایبەتی لە بازاڕەکانی جیهان هەبوون، دواجاریش تێکەڵ بوونی میکانیزم بۆ ئەمریکای باکور دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی کێبرکێکە لەگەڵ دەوڵەتانی تر و کەمکردنەوەی دەستی کار بگەڕێتەوە، مەبەستیش نەبوونی رێژەگەرایی بوو لەنێوان دانیشتوانی ئەمریکای باکور و پێویستیە ئابورییەکان.

لە دەرکەوتنی ئەم حەقیقەتانەوە دەبینین بـڕۆدۆن چ حوکمێک دەدات، کاتێک قسە لەسەر دەسەڵاتدارە کێبڕکێکەرەکان دەکات، بەو مانایەی گەشەی سێهەم یان دژە فکری بۆ میکانیزم.

بەکارهێنانی میکانیزم بەرنامەیەکی ئابوری زیاترە، بۆ دەرخستنی کێڵان کە داس رادەکێشێ بەدوای بەرنامەی ئابوریدا، بەکارهینانی میکانیزم

له ئێستادا یەکێک لە پەیوەندییەکانی مێتۆدی ئابوری ئێستایە، بەڵام ئەو ڕێگەیەی کەمیکانیزمی پێ بەکاردێت، ڕێگەیەکی تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەوی تر، باروتیش هەر بە باروتیی دەمینێتەوە ئەگەر بۆ بریندارکردنی ئیسنان بەکار بێت، یان بۆ تیمارکردنی بێت.

بڕۆدۆن خودی خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت، کاتێک ڕێگە بە کێبرکێ و قۆرخکردن و باج و باڵانسی بازرگانی و ڕەسیدی پارەو موڵکایەتی تایبەت دەدات، بۆ گەشەسەندن بەو شێوەیەی کە باسمکرد، لانی کەم لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم هەموو دەزگاکانی ئالۆوێر بەر لە میکانیزم لە ئینگلستان گەشەی سەند، ڕەسیدی پارەی گشتیش ڕێگەیەکی نوێ بوو بۆ زیادکردنی باج و تێرکردنی داواکاریە نوێیەکان، ئەوەی کە بەرهەمی بۆرژوازی دەیخولقاند بەسەر دەسەڵاتەوە، دواجار ئەو بەرنامەیەی برۆدۆنە کەموڵکیەت پێکدەهێنێ، موڵکیەتی بۆرژوازیش لەدەرەوەی ئەم پەیوەندیانە، هیچ شتێک پێکناهێنێت تەنها ئەوە نەبێت کە فانتازیکە.

موڵکیەت لە قەیرانە جیاوازەکاندا، موڵکیەتی فیودالیە و لە کۆمەڵێک پەیوەندی جیاوازدا گەشە دەکات، بڕۆدۆن وای دەردەخات ئەم موڵکیەتە پەیوەندییەکی سەربەخۆیە، ئەمەش گەورەترین هەڵەیە بۆ سەلماندن، پێدەچێت ئەو درک بەوە نەکات و جۆرەکانی بەرهەمهێنانی بـۆرژوازی کۆنەکانەوە، ئەو لەوەش تێناگات کە کێشەکانی بەرهەمهێنان لە زەمەنێکی دیاریکراودا سیفەتی مێژوویی و گواستنەوەیان هەیە، بڕۆدۆن وەها تەماشای دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیش ناکات کە بەرهەمی مێژووییە، چونکە ناتوانێت لە ئەسڵی سەرهەڵدان و گەشەکردن تێبگات، تەنها ئەوە نەبێت کە ڕەخنەیەکی مەزهەبی بەرهەمدێنێ لە دژی.

بڕۆدۆن ناچارە پشت بە ئەفسانە ببەستێت، بۆ ئەوەی شرۆڤە بۆ گەشەسەندن بکات، بۆیە وای دەبینێت کە دابەشکردنی کار و رەسیدی نەقدی و میکانیزم و هتد، بۆ خزمەت کردنی فکری یەکسانی دۆزراوەتەوە، بەو پێیە بێت شرۆڤەکەی ئاسانە، چونکە بەحیسابی خۆی ئەم شتانە بۆ خزمەتی یەکسانی بوون، بەڵام دواتر دەرکەوت کە دژیەتی، هەر ئەمە هەموو قسە و موناقەشەکانیەتی، بۆیە دەگاتە دەرەنجامێکی بە بەلاش، لە کاتێکدا گەشە و پێگەیشتن لە هەموو خاڵەکانیدا دژکاری لەگەڵ ئەفسانەکانی ئەودا هەیە، بۆیە لێمانی دەشارێتەوە، چونکە پارادۆکسەکە کەوتۆتە نێوان فکرە جێگیرەکان و جوڵە راستەقینەکان.

بڕۆدۆن لە باری مەعریفەی مێژووییشدا کەموکوڕی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا درک بەوە ناکات کە هێزی بەرهەمهێنان پێشدەکەوێت، بەو مانایەی کە لەگەڵ پێشکەوتندا تاکەکان لەگەڵ پەیوەندییەکانیاندا دەژین، سروشتی ئەم پەیوەندیانەش پێویستە بگۆڕێت بۆ گەشەی هێزە بەرهەمهێنەکان .

ئەو درک بەوە ناکات کە ئەم بەرنامە ئابوریانە زاراوەگەلێکی ئەبستراکتن بۆ ئەم پەیوەندیانە، هەتا ئەو پەیوەندیانەش بمێنێ هەقیقەتیش هەر دەمێنێت، ئەو کەوتۆتە نێو هەڵەیەکەوە کە ئابوریناسەکان تێکەوتوون و پێیانوایە ئەم ئابوریە شتێکی ئەزەلیە و وەکو یاساگەلێکی مێژوویین، ئەم گەشە دیاریکراوە مێژووییەش لە هێزەکانی بەرهەمهێنانیشدا نابینن، سەرباری ئەوەی کە زاراوەگەلێکی ئابوری سیاسیە و بە تەنها زاراوەی کۆمەڵایەتی راستەقینە و گواستنەوەی مێژوو نییە، ئەم ئەبستراکتیکیە بنەمایەکە هەر لە سەرەتا و لە ئەزەلەوە لەگەڵ خودوا و باوکدا نوستووە.

بەڵام بڕۆدۆن کەوتۆتە نێو قەیرانێکی عەقڵیەوە، ئەگەر ئەم بەرنامە ئابوریانە لەدڵی خوداکان بوایە، دەبوایە ژیانی ئینسان ئەزەلی و شاراوە بوایە،

ئەدی چۆن قسە لەسەر شتێک دەکات کە پێیدەڵێ گەشە و سەرهەڵدان، لەکاتێکدا بڕۆدۆن خۆ پارێز نیە و شرۆڤەکاریەکی دژکاری دەکات بۆکۆمەڵێک کاری دژکاری تر.

لەژێر رۆشنای ئەم مێتۆدە دژکارییەدا با نمونەیەک وەربگرین، « قۆرخکردن شتێکی نوێیە، بەرنامەی ئابوری لەچەمکی خودادا سەرهەڵدەدا، کێبرکێ شتێکی زۆر باشە چونکە جۆرێکە لەبەرنامەی ئابوری، شتێک کەباش نیە هەقیقەتی قۆرخکردن و هەقیقەتی کێبرکێیە، بەڵام لەواقیعدا کێبرکێ و قۆرخکردن یەکتر قوت دەدەن، کەواتە دەبێ چی بکەین؟ ئەم دوو فکرە پارادۆکسیە لەلای خوا، دژکارییە، بۆیە لەگەڵ یەکتردان، بۆیە وادەردەکەوێ بڕۆدۆن لەدڵی خوادایەsynthesis ، لەکاتێکدا خراپی قۆرخکردن یەکسانە بەبوونی کێبرکێ و پێچەوانەکەشی راستە، ئەمەش لەدەرەنجامی ململانێی نێوان دوو فکرەدا دەردەکەوێ، پێویستە لەسەر تاک کەخۆی داماڵێنێ لەم فکرە نهێنیە و بەلای چاکتردا بڕوات، بونیادیش دەرەنجامی فکر و دەبێ ئەو تاریکیە رۆشن بکرێتەوە بۆ هەموو کەسێک.

ئێستا لەیەک چرکە ژیانێکی واقیعیانە بڕوانە، لەژیانی ئابوری ئێستادا کێبڕکێ و قۆرخکردن نابینین، بەڵکو پارادۆکسێک دەبینین، ئەم دەرەنجامەش قاعیدە نیە بەڵکو جوڵەیە، قۆرخکردن کێبڕکێ بەرهەمدێنێ و کێبڕکێش قۆرخکردن، بەڵام ئەم هاوکێشەیە بەسەر ئابوریناسە بۆرژوازیەکانەوە قورسە و بەسەریانەوە تێپەڕ نابێت، ئەم دەرەنجامەش لەوە قورسترەو جۆرێکە لە ئەنارشیزم، ئەگەر ئەم بنەمایە کە هەڵدەستێت بە بەرهەمهێنانی ئابوری ئێستا، وەئەگەر بەسەر جۆری بەرهەمی ئێستادا تێپەڕی کرد، هەر ئەوکاتە بەسەر یەکێتیەکەیان و دەرەنجامەکەیدا تێناپەڕێ، هەروەها بەسەر ئەو جوڵەیەشدا تێناپەڕێ کە یەکسانە بەکێبڕکێ و قۆرخکردنەوە.

**نمونەیەک لە دیالیکتیکی برۆدۆن**

برۆدۆن ئازادی و کۆیلەیەتی وەک پارادۆکسێک بەرهەمدێنێت، من لەسەرم نیە قسە لەسەر هەر دوو لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکەی بکەم، ئێمە قسە لەسەر کۆیلەیەتی راستەوخۆ ناکەین، یان کۆیلەیەتی پرۆلیتاریا، بەڵکو قسە لەسەر کۆیلایەتی راستەخۆ دەکەین کە کۆیلایەتی ئەسڵ و رەشپێست لە سورینام و بەرازیل و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باشوور هەیە.

کۆیلایەتی راستەوخۆ لایەنێکی کارەکەمانە، هەروەک رەسیدی پارەو هتد. چونکە بەبێ کۆیلە لۆکە و پیشەسازی مۆدێرن بەرهەمنایات، کەچی کراوە بە بەهایەک بۆ داگیرکاری و دروستبوونی داگیرکاری بازرگانی نێودەوڵەتی، بازرگانی نێودەوڵەتیش مەرجێکی زەرورییە بۆ پیشەسازی و ئەو بەرهەمە گەورانە، سەرهەڵدانی ئەم بازرگانیە بە کۆیلەوە، داگیرکارەکان لە جیهانێکی کۆندان لەپەیوەندی بەو بەرهەمە زۆر کەمەی کە هیچ کاریگەرییەکی زۆری نییە، کەواتە کۆیلایەتی بۆخۆی بەرنامەیەکی ئابوریە و گرنگیەکی بەرزی هەیە، ئەگەر کۆیلایەتی نەبوایە ئەمریکا کە گەورەترین دەوڵەتی پێشکەوتنە، دەگۆڕا بۆ دەوڵەتێکی پاتریارکی، ئەگەر ناوی ئەمریکای باکور لە نەخشەی جیهان بسڕینەوە، ئانارشیزمێکمان دەست دەکەویت، یان داڕمانی جیهانمان دەستدەکەوێت، چونکە ئەگەر کۆیلایەتی  لێبسەنینەوە، مانای وایە ئەمریکای باکورمان روخاندووە، بۆیە کۆیلایەتی بەرنامەیەکی ئابورییە و لە هەموو گەلاندا و لە سەرەتای جیهانەوە دەیدۆزینەوە.

گەلانی نوێ تێگەیشتن کە چۆن کۆیلایەتی بزر بکەن، کەچی ئەم دەرگا کراوەیە دۆزرایەوە، دوای ئەم هەموو تێبینانە برۆدۆن چۆن بەدوای کۆیلایەتیدا دەچێت و ئەم بیرکردنەوەیە ئاشکرا دەکات، سەبارەت بە کۆیلایەتی و ئازادی وەک میکانیزمێک بۆ یەکسانی نێوان ئازادی و کۆیلایەتی.

بڕۆدۆن واتێگەیشتووە کە خەڵک جلوبەرگی هەریر و لۆکە وەک چەندایەتیەکی کەم بەرهەمدێنن! بەڵام ئەو شتەی کە تێینەگەیشتووە ئەو خەڵکانەی بە بارتاقای پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیش بەرهەمدێنن سەرباری بەرهەمهێنانی مادیەتیان. هەروەها لەو بەرنامەیەش ماتریالی و ئیدیالی زاراوەیی بەرهەمدێنن، بەمشێوەیە ئەم بەرنامانە شتێکی زۆر ئەبەدی نییە لەو پەیوەندیانەی کە تەعبیری لێدەکرێت، بۆیە ئەمانە بەرهەمی مێژوویی و گواستنەوەییە، بەڵام لەلای بڕۆدۆن پێچەوانە بۆتەوە، ئەو ئەپستراکتانە ئەوەیە کە مێژوو دروست دەکەن، نەک ئەوەی خەڵک مێژووی دروستی کردبێ، بۆیە ئەپستراکت بەرنامەیەکی خوازراوە، هەروەها جیاوازی خەڵک و چالاکی ماتریالیە، بۆیە چەمکی نەمری چەسپاوو نەجووڵاوە، کەواتا بەیەک شێوە حەقیقەت پاڵاوتراوە، ئەوەی تریش میکانیزمێکە بۆ گوتەکانی ئێمە سەبارەت بەم ڕێگەیەی کە فکرەیەکی ئەبستراکتە.

**ژیان بۆرژوازیانە نییە**

بڕۆدۆن هیچ کات ناڵێت ژیان بۆرژوازیانەیە، ڕاستەوخۆش ئەمە دەڵێت ونایشارێتەوە. کارەکانی بڕۆدۆن وەک هەر کارێکی بۆرژوازیە، هەموویان لەبیرکردنەوەی کێبڕکێ و قۆرخکردن ئاگادارت دەکەنەوە، گوایە ئەمە بونیات و بنچینەی ژیانە، بەڵام لە واقیعدا لە چوارچێوەی هەڵقەی هەڵبژاردندایە، هەموویان کێبڕکێیان دەوێت بەبێ تێگەیشتن لە پاشماوەی کێبڕکێ، ئەوان وەکو بۆرژوازی موستەحیلیان دەوێت وەک مەرجێک، کەسیشیان تێناگەن لەوەی کە شێوەی بۆرژوازی، بەرهەمی مێژوویی و گواستنەوەیە، هەروەک چۆن شێوەی گواستنەوەی فیودالیزمی مێژووییە، ئەمە هەڵەیە کە پیاوێکی بۆرژوازی سەبارەت بە ئەوان یەک بونیادێکی مومکینی هەبێت بۆ هەموو کۆمەڵگە.

برۆدۆن  پیاوی مەبدەئییە و جووڵەی مێژوو کورت دەکاتەوە، ئەوەی کە جیهانی ئێستا سەروژێر دەکاتەوە، گوایا مەسەلەکە دۆزینەوەی یەکسانیە، لە کاتێکدا ئەو فکرەیە دەرەنجامی هەردوو بیرکردنەوە بۆرژوازیە، بەم شێوەیە برۆدۆن ئامادەیە بە تێگەیشتنی خۆی فکرەی خوا بشارێتەوە، یان ئەوەی هەردوو بیرکردنەوە گۆشەگیریەکە یەکبخات، بۆیە ئەم سەبارەت بە بەرهەمهێنانی ئێستا و یەکبوونی ئەو بۆچوونە، هەر گۆشەگیرە و گۆشەگیریش دەبێت.

سەرباری ئەو جوڵە مێژووییە گەورەیە کە بەرهەمی ململانێی نێوان هێزە بەرهەمهێنەرەکانە کە خەڵک پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەدەست دێنن، یەکسان نیە بەهێزی بەرهەمهێنان، سەرباری ئەو هەموو جەنگە ترسناکانەش کە لەنێوان چینە جیاوازەکان و گەلانی جیاوازدا پێی هەڵدەستن ، سەرباری ئەو هەموو کارە توندوتیژیانەی کە وا دەکات ببێتە ململانێی کۆمەڵەکان، سەرباری هەموو ئەو بزووتنەوە گرێیانەش کە درێژکراوەتەوە، برۆدۆن ئەو بزووتنەوەیە وەکو وەهمێک تەماشا دەکات، بەم شێوەیە پیاوانی جیهان ئەوانەی کە مێژوو چاک دەکەنەوە، ئەو پیاوانەن کە پارێزگاری لە بیری نهێنی خوا دەکەن، ئەو پیاوانەن کە وەحی لەسەر زانست پراکتیک دەکەن.

ئازیزم ئانینکۆف تۆ ئێستا تێدەگەی کە برۆدۆن بۆچی دوژمنایەتی بزووتنەوەی سیاسی خۆی رادەگەیەنێت، هەروەها چۆن چارەسەری کێشەی ئێستا دەکات، ئەو بەرنامانەش بەلای ئەوەوە هێزێکی پاڵپێوەنراوە نەک ئەوەی زەرورەتێک بێت، بۆیە ژیانی واقیعی دەگۆڕێت تاکو بەرنامەکان بگۆڕێت، بە پێچەوانەوە هەر کەسێک ئەو بەرنامانە بگۆڕێت بۆ ئەوەیەتی دەرەنجامی کۆمەڵگەی ئێستا بگۆڕێت. بۆیە برۆدۆن حەز دەکات بەو پارادۆکسانەوە بمێنێتەوە و نایەوێت بەسەر پارادۆکسیەکانیەوە زاڵ بێت.

ئەو سیاسیەکی مەبدەئیە و دەیەوێ ببێتە پاشا و ئەنجومەنی نوێنەران و نوێنەرانی پیران وەک لەشێک لە ژیانی کۆمەڵایەتیەتی، هەموو ئەو شتانەی کە دەیاندۆزێتەوە دۆزینەوەی بونیاتێکی نوێیە بۆ ئەوەی یەکسانیەک بدۆزێتەوە لەنێوان ئەو هێزانەدا، ئەوەی کە هەڵدەستێت بە یەکسان کردنی بزووتنەوەیەکی ئاسایی، بە کورتکردنەوەی ئەو بزوتنەوەیەش جارێکی تر دەبێتە کۆیلە، بەو شێوەیەی کە گێلەکان لە سەدەی هەژدەدا سەرقاڵی بوون، بۆ ئەوەی بونیاتێک بۆ یەکسانی پاشا کۆمەڵایەتیەکان و پاشاکانی پارلەمان بدۆزنەوە، ئەم عەقڵە ئەو بەیانیە لە خەو هەڵستا کە نە پاشا و نەپارلەمانی بینی، ئەم یەکسانیە هەقیقیە لەم پارادۆکسیە، روخانی هەموو پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکانە کە خزمەتی ئەم جۆرە تێگەیشتنە فیوادلیە دەکەن، بنچینەی ئەم تێگەیشتنەش دژکاریانەیە.

بـرۆدۆن بیری ئەبەدی و بەرنامەی حەقیقی لەلایەک دادەنێت، ئیسنان و ژیانی واقیعیش بەلای ئەوەوە هەمان پراکتیکی ئەو بەرنامانەیە کە لەلایەکی تر دایدەنێت، بۆیە کەسێکی دوو ڕوو لەگەڵ ژیان و بیرکردنەوە و رۆح جەستەی برۆدۆن دەدۆزێتەوە، ئەم دووڕوویەش لە شێوەی جۆراوجۆردا دەبینرێت، لێرەدا شتێک دەبینین کەئەویش تەنها لاوازی بڕۆدۆن نییە، بەقەد ئەوەی تێدەگەین لە ئەسڵی پیسی، مێژووی بەرنامەیەکی پیس ئامادە دەکات.

**ئازیزم ئانینکۆف**

نامەکەم زۆر دورو درێژە و بواریشم نییە قسە لەسەر حاڵەتی بڕۆدۆن بکەم، کە بەبێ هیچ مانایەک دژی کۆمۆنیزمە، ئەگەر لەگەڵمدا کۆکی کە بڕۆدۆن پیاوێکە لە حاڵەتی ئێستای کۆمەڵگە ناگات، لەوانەیە نەیەوێت

لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە بێت کە دژیەتی، یان ئەو تەعبیرە زمانەوانیەی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێریی گەرەکیەتی.

تاکە خاڵێک کە بڕۆدۆن لەسەری کۆکە، ئەوەیە کە رقی لە خەون و هەستی سۆسیالیستی درۆینە هەیە، بەڵام بەر لەو سۆسیالیزمە تۆباوییەکان ئەم رەخنەیەیان گرت، بەڵام ئایا بڕۆدۆن شەرم ناکات کە دەبێتە بۆرژوازیەکی بچوک، من ئاماژە بە بیرکردنەوە و جێگەی خۆشویستنی ئەو دەکەم لەو دژکاریەی بەرامبەر هەستی سۆسیالیستی هەیەتی کە بە قووڵی قسەی پێدەکات.

بڕۆدۆن خۆی لەوە تێدەگات کە بۆشاییەک هەیە لەهەندێ شتیدا، تاکو ئەوکاتەی کە دەتەقێنەوەو دەمار دەیگرێت و ئەو تورەبوونەی لێدەر دەکەوێت، دەمی کەف دەگرێ و لەسنگی خۆی دەدا، سەبارەت بەخوا و ئیسنانیش دەڵێ پیس نیە بەرامبەر بە سۆسیالیزم، کەواتە ئەو رەخنە لە هەسنە سۆسیالیستیەکان ناگرێ، بەڵکو بۆنی دەکات وەکو ئەوەی پیاوێکی پیرۆزە و هەموو هەڵەیەکی هەژاران حەرام دەکات و خۆی بەرابردووەکانی بۆرژوازی دەوڵەمەند دەکات، هەروەها وەهمێکی پاتریارکیە و هەڵگیرسانی ئاگرە، لەراستیدا ئەمەش قسە کردن نیە.

بڕۆدۆن لەسەریەوە تاکو پێی، فەیلەسوفێکی ئابوری بۆرژوازی بچوکە، بـۆرژوازی بچوکیش لە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو سۆیسالیستە لەلایەک، ئابوریشە لەلایەکی ترەوە، بۆیە ئەو لەژێر کاریگەری بۆرژوازی گەورەیە و داوای بەزەیی دەکات لە بەرامبەر خەڵک، لە هەمانکاتدا بۆرژوازی و پیاوی گەلە و لە ناوی دڵیەوە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ، لایەنگریشی بۆ هیچ لایەنێک نییە، بۆیە بەرامبەریەکی راستی دۆزیوەتەوە کە جیاوازە لە سەفسەتە و شتەکان، بۆرژوازی بچوکی لەم تایپەش رەواج بەم پارادۆکسیە دەدات، چونکە

ئەم پارادۆکسیە بنچینەی بوونە، بۆیە پەیوەست نییە بە خۆیەوە و شتێکی پارادۆکسی کۆمەڵایەتیە لە بزووتنەوەیەکی بەردەوام، بۆ ئەمەش پێویستە بەهانە بێنێتەوە کە واقعیە، کەواتە عەبقەریە لەبەر ئەوەی بۆرژوازی بچوک، شێوەیەک لە شۆڕشە کۆمەڵایەتیە هەڵواسراوەکان تەشکیل دەکات.

سەرەنجام هیوادارم توانیبێتم لەگەڵ نامەکەمدا کتێبی ئابوری سیاسیم بۆ ناردبی، بەڵام بەداخەوە ناتوانم ئێستا ئەم کتێبە بەچاپ بگەیێنم، ئەو کتێبەی کە رەخنەی فەیلەسوفە سۆسیالیستەکانی ئەڵمانی تێدایە، مەبەستم ئەوانەیە کە لە برۆکسل قسەم لەسەریان کرد، بۆیە پۆلیس دژایەتی ئەو کتێبە دەکات و رێگە نادرێت بفرۆشرێت، مەبەستی رەخنە گرتنەکەشم لەئەوانەیە کە گرنگی بە هەموو ئەو شتانە دەدەن کە من هێرشم کردوونەتە سەر، تەنانەت ئەوەی کە پەیوەندی بە حزبمانەوە هەیە، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی رەخنەکە لاواز و هەژارانەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەشێک لە حزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی لێم تورە بوون، لەبەر ئەوەی نوسینەکانیانم بە تۆباوی (خەیاڵ) لەقەڵەمداوە.

**سوپاس**

**هاوڕێت.. مارکس**

برۆکسل 28ی کانونی یەکەمی 1846

## له مارکسەوە بۆ سەرنوسەری رۆژنامەی ئەلبا

**بەڕێزم**

لە کۆڵن لە 1ی حوزەیران رۆژنامەیەکی رۆژانەی نوێ بەناوی « نیو راینش زایتۆنگ» دەردەچوو، لە سەرەتای کارکردندا کارل مارکس بەڕێوەی دەبرد، ئەم رۆژنامەیە دەیویست لە باکوری ئەوروپا بەرگری لە پرنسیپەکانی دیموکراسی بکات، ئێوەش لە ئیتاڵیا بەرگری لە رۆژنامەی «ئەلبا» بکەن، ئیدی لێرەوە ناکرێت سێبەرێک نەبێت سەبارەت بەو جێگەیەی کە نیو راتنش زاینوغ هەیەتی دەربارەی مەسەلە هەڵواسراوەکانی نێوان ئیتاڵیا و نەمسا، ئێمە بەرگری لە قەزیەی سەربەخۆیی ئیتاڵیا دەکەین، هەروەها تاکو مردن خەباتمان بەردەوام دەکەین، دژی سەرکوتکردنی ئیتالیا لەلایەن نەمساوە، هەروەک چۆن لە ئەڵمانیا و پۆلۆنیا دەیکەین، ئێمە دەستی برایەتی تێکەڵ دەکەین لەگەڵ ئیتالیا، دەمانەوێت ئیسپاتی بکەین کە گەلی ئەڵمانیا ئەوە رەتدەکاتەوە کە بچوکترین بەشداری هەبێت لە سیاسەتی سەرکوتکردن کە لە دەستی خودی ئەو کەسانەوە بەرهەمدێت، مەبەستم ئەوانەیە کە بەردەوام ئازادیمان سەرکەوت دەکەن، دەمانەوێت هەموو تواناکانمان بخەینەگەڕ بۆ

درێژکردنەوەی ڕێگای یەکگرتن و تێگەیشتن لەنێوان هەردوو گەلی گەورەی ئازادیخواز، ئەو دوو گەلەی کە سیستمێک پێی وایە هەردوکیان دوژمنی یەکترن، ئێمە داوا دەکەین نەمسا هەر ئێستا هێزە سەربازییەکانی بکێشێنێتەوە لەنێو دڵی ئیتالیا، بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێت بە ئیتاڵیالییەکان تاکو ئیرادەی خۆیان بەکاربهێنن و دەسەڵاتی خۆیان هەڵبژێرن کە خۆیان خوازیارین.

بۆ ئـەوەی توانای ئەوەمان هەبێت چاودێری ڕوداوەکـانـی ئیتالیا بکەین، پێشنیاری ئەوە دەکەین ئالۆگۆڕێکی سیستماتیک لە نێوانماندا هەبێت، هەروەها ڕۆژانە ڕۆژنامەی (نیو ڕاینش زایتۆنغ)تان بۆ دەنێرین، ئێوەش دەتوانن ڕۆژنامەی ئەلبامان بۆ بنێرن، هیوایەکی زۆرمان هەیە ئەم پێشنیارەتان لەلا قبووڵ بێت، تکادەکەین بە زووترین کات ڕۆژنامەکەی خۆتانمان بۆ بنێرن، بۆ ئەوەی بتوانین یەکەمین ژمارە ئامادە بکەین.

هـەروەهـا دەشتوانن هاوکاریمان بکەن بە زانـیـاری تـر، تکایە زانیارییەکانتان بنێرن بۆمان، ئێمە گرنتی دەدەین کە کار بۆ خزمەتکردنی قەزیەی دیموکراسی بکەین لە هەردوو وڵاتەکانمان.

**سڵاوێکی برایانە**

دەستەی نوسەرانی « نیو ڕاینش زایتۆنغ»

سەرنوسەر د. کارل مارکس – کۆڵن ئایاری 1848

**پەراوێزەکان**

1. ئەم نامەیەی لە ئیتالیاوە نوسراوە

2. ئەلبا. ڕۆژنامەیەکی دیموکراسی ئیتالیا بوو لە فلۆرەنسا دەردەچوو لەنێوان ساڵانی 1847 و 1849

3. نامەکەی مارکس لە 29ی حوزەیرانی 1848 بڵاوکرایەوە

**لەندەن 13 ئەیلول 1851**

## له ماركسه‌وه بۆ ئه‌نگلس «مانچسته‌ر»

**له‌نده‌ن . 14ی حوزه‌یران 1853**

ئه‌وه‌ی كه بۆتی باس ده‌كه‌م كاری ئابوریناسێكی ئه‌مریكیه و كتێبێكی نوێی بڵاوكردۆته‌وه به‌ناوی «كۆیلایه‌تی له‌لای ئێمه و له ده‌ره‌وه»1. وشه‌ی كۆیلایه‌تی كه له‌خۆی گرتووه، ته‌واوی كێشه‌كانی كۆیل كۆیله (الرق) له كتێبه‌كه‌ی دانه‌یه‌كی خۆی بۆ ناردووم، له چه‌ند بابه‌تێكدا شاهیدی ئه‌وه‌ی بۆ داوم، جارێك به سیفه‌تی ئه‌وه‌ی كه نوسه‌رێكی هاوچه‌رخم، جارێكی تر به سیفه‌تی ئه‌وه‌ی په‌یامنێری نیۆیۆرك تریبۆنم 2. پێشتر ئه‌وه‌م پێی گوتی كه ئه‌م پیاوه له هه‌موو كتێبه‌كانیدا كه تائێستا ده‌رچوون، بانگه‌وازی بنچینه‌ی ئابوری بۆرژوازی ده‌كات، هه‌موو شه‌ڕه‌كه‌شی له‌وێوه سه‌رچاوه‌ی گرتووه كه ته‌ده‌خولكردنی ده‌وڵه‌تێك كه پێویست ناكات، پێشتر ده‌وڵه‌ت دژی ئه‌و ده‌وره بووه، به‌ڵام ئێستا ئه‌و پێویستیه گۆڕاوه، لێپرسراویش له شه‌ڕی ئه‌و رسته‌یه و شیكردنه‌وه‌كه‌شی، ده‌وری به سه‌نته‌ركردنی پیشه‌سازی گه‌وره‌ی هه‌یه. له كاتێكدا تاوانباری یه‌كه‌م له‌م سه‌نته‌ره، ئینگلته‌رایه كه بۆته لاوبۆرێك بۆ ته‌واوی دونیا، هه‌روه‌ها بۆ ته‌واوی ده‌وڵه‌تانیش ده‌ینێرێت و به‌بێ له‌به‌رچاوگرتنی هیچ ده‌وڵه‌تێك، ئه‌مه كاریگه‌ری له‌سه‌ر كشتوكاڵی كۆنی دابڕاندووه كه په‌یوه‌ندی به پیشه‌سازی كاره‌وه هه‌یه.

ئەوەش کەلێپرسراوە لەهەڵەکانی ئینگلتەرا، تیۆرەکانی ریکاردۆ و مالتۆس بووە، بەبۆچوونی تایبەت بە تیۆریستەکان لەبارەی پێدانی پێشینەی ئاژەڵداری. کۆمۆنیزم بۆخۆی دەرەنجامی حەتمیەتێکە دەربارەی تیۆرەکەی ریکاردۆ، هەروەک چۆن سەنتەری پیشەسازیە.

## مارکس بۆ ف. لاسال، بەرلین

**لەندەن 18ی حوزەیران 1861**

ئەوەی کە داروین دایناوە، گرنگیەکی گەورەی هەیە، کەڵکی زۆری بۆمن هەیە وەکو بنچینەیەکی زانستی بۆ ململانێی چینایەتی، لەپێشدا ئەوەی کە دەبینرێت بێشک لوغزی تێدایە کە لەناویدا دارِشتنێکی ئینگلیزی هەیە، بەڵام بۆ یەکەمجار دەیگرێت، سەرباری هەموو عەیب و عارەکەی، لێدانێکی گەورەیە لە لاهوت، لە زانستی سروشتیدا، هەروەها چارەسەرێکی ئەزمونگەرییە، سەرباری ئەوەش مانای عەقلانی تێدایە.

## ماركس بۆ ئەنگلس، مانچستەر

**لەندەن 18ی حوزەیران 1862**

ئەوەی کە داروین دایناوە و پەڕەپەڕەم کرد، بەپێکەنینی خستم ئەو کاتەی کە ئموحی پراکتیکیم دەکرد، بەتایبەت لەسەر رووەک و ئاژەڵ، هەروەها ئیۆری «ماڵتۆس» ئەگەرچی ئەوەی بەدەست جەنابی ماڵتۆسەوەیە، ناکرێت دیاری بکرێت، چونکە پراکتیک ناکرێت بەسەر رووەک و ئاژەڵدا، تەنها لەسەر ئینسان نەبێت، لەگەڵ لە دوایەکی ئەندازەیی، بە جیاوازی ئەوەی کەلەگەڵ ئاژەڵ و رووەک دەکرێت، ئەوەی کە کاریگەرە دەبینین داروین چۆن لە نوێوە رووبەرووی رووەک و ئاژەڵ بۆتەوە و کۆمەڵگەی ئینگلیزی بە دابەشکردنی کار، زەحمەت و کردنەوەی بازاڕە نوێیەکانەوە گرێداوە، « داهێنان»، هەروەک و ماڵتۆس گوتی « ململانێ لەپێناو مانەوەدا» یان وەک هۆبز وتی: «ئەمە جەنگی هەمووە دژی هەموو»، ئەمەش وات لێدەکات بیر لە فینۆمینۆلۆژیای هیگڵ بکەیتەوە، کاتێک کۆمەڵگەی بۆرژوازی بە نموونە لەژێر ناوی «بەهەشتی بیرکردنەوەی حەیوانی» لەو کاتەی کە بەهەشتی حەیوانی لەلای داروین، دەوری کۆمەڵگەی مەدەنی دەبینێت.

## نامە فەلسەفیە بڵاونەکراوەکانی مارکس

**نامەی یەکەم**
**لە مارکسەوە بۆ ج. ب. شفایتزر**
**لەندەن. کانوونی دووەم 1865**

**ئازیزم جۆرج**

نامەکەتم پێگەیشت کە تێیدا داوا دەکەی چۆن حوکمم بەسەر بڕۆدۆن داوە، لە ڕاستیدا بێکاتی وای لێکردووم کە نەتوانم ئەوەی داوات کردووە بۆتی دابین بکەم، لەبەر ئەوەی کتێبی ئەوم واتە (بڕۆدۆن) لەبەردەستدا نییە، بەڵام بۆ ئەوەی ئیرادەی خۆمت بۆ بسەلمێنم، چەند تەعلیقێکی خۆمت پێشکەش دەکەم لەسەر بڕۆدۆن، تۆش باش دەتوانیت تەواوی بکەی، ئەگەر هەر کەموکورتیەکی تێدا بێت، دەشتوانی کاری تێدا بکەیت.

ئەگەرچی نوسراوەکانی پێشووی بڕۆدۆنم بیر نایانەوە، بەڵام ئەو کتێبەی لە قوتابخانەی زمانی جیهانی نوسیبووی، وا پێدەچێت توانای مەعریفی ئابوری کەم بێت، ئەوەی کە هێرش دەکاتە سەر ئەو مەسەلانەی دەیەویت چارەسەریان بکات.

کتێبی یەکەمی کە بەناوی (وشە چیە) باشترین کتێبیەتی. لەو کتێبەدا

هەوڵدەداٹ خۆی وەک نوسەرێکی هاروهاج  پێشکەش بکاٹ، بەڵام ناتوانیٹ لەڕێگای جۆراو جۆرەوە رەخنە ئاراستەی موڵکیەٹ بکاٹ، بەڵکو خۆی رەزیل کردووە، هەربۆیە سۆسیالیستەکان و کۆمۆنیستەکانی فەرەنسا بە ستایلی تۆباوییەکان رەزیلیان کرد، لەم کتێبەدا دەبینین پەیوەندی بڕۆدۆن و سان سیمۆن و فۆریە، لە پەیوەندی (فیورباخ و هیگڵ) دەچێٹ، ئەگەرچی فیورباخ لاوازە بەرامبەر بە هیگڵ، بەڵام ئەو هەوڵیداوە کاریگەری هەبێٹ، لەبەر ئەوەی جەختی کردۆتە سەر پنتێکی دیاریکراو، ئەویش لە دۆزینەوەکەیدا ناپەیوستبوونێک هەیە بەرامبەر بە ویژدانی مەسیحی، ئەم پنتەش بۆخۆی گرنگە بۆ پیشکەوتنی رەخنە، ئەم پنتە هیگڵ لە سێبەردا بەجێی هێشٹ، بۆیە هەقە بڕۆدۆن لەم رووەوە سوپاسی بکاٹ، چونکە لە ڕێگەی ستایلەکەیەوە مافی داوە بە فکرەکە.

سەرباری ئەوەی بڕۆدۆن لە کتێبەکانی تریدا ئەوەی لەسەر ئەوانی تر نوسیویەتی پیدەچێٹ نوێ بێٹ بە نیسبەٹ ئەو، تەعبیرو وەسفەکانی زۆرن کە وادەکەن جۆریکی تر گەورەکردنی مانای موڵکیەٹ بداٹ بەدەستەوە، بەڵام کتێبەکەی تری کە سەبارەٹ بە ئابوری سیاسیە، پێدەچێٹ بیری نەیاتەوە. ئەو کتێبەی کە دەورێکی گەورەی بینی لە زانستەکاندا، هەروەک چۆن دەورێکی گەورەی بینی لە چیرۆکیشدا، نموونەیەک لە کتێبی (مالتۆس) لە دانیشتوان وەربگرە، ئەگەر لە چاپی یەکەمدا نەبێٹ، یان لەو ئەتروحە بچوکەدا نەبێٹ کە یاری بە نەسٹ دەکاٹ، سەرباری هەمووشی دەبینین هیچ کاریگەریەکی ئەم کتێبە بەسەر رەگەزی مرۆییەوە نییە.

سەرباری ئەو موخاتەبەیەی خوێنەر دەبینین لە کتێبی (وشە چیە) دا، وا پێناسە دەکاٹ کە جوداوازییەک هەیە لە رەخنەکانیدا بەرامبەر بە کۆمەڵگەی بەشەری لەلایەک، لەو پنتەش کە دەربارەی شەرحی جوتیارانی

بوکی فەرەنسایی کردوویەتی، دواتریش بورژوازی بچوک، لەلایەکی ترەوە بەو پێوەرانەی کە بەرهەمی هێناوە لەو شتانەی کە بۆماوەییە و هی سۆسیالیستەکانن.

کەموکورتی ئەو کتێبە لە بچوکیەکەیدایە، چونکە خراپ بینینی برۆدۆنە. ئەو ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارانە بە ڕۆشنی بداتەوە.پەیوەندییەکانی موڵکیەت، کلاسیکین و لە پەیوەندیەکانی فیودالیزمەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەو وەها مومارەسەی خودی مێژوو دەکات بە نیسبەت پەیوەندی موڵکیەتەوە، مەبەستم موڵکیەتی بۆرژوازی ئەوەیە کە لەم رۆژگارەدا هەیە، شتێکە کە برۆدۆن بەرهەمی هێناوە، دەتوانین بە خوێندنەوەیەکی ئابوری سیاسی وەڵامی بدەینەوە کە لە ناوەرۆکدا ئەم پەیوەندییانە بەگشتی پەیوەندی ئیرادەنین، بەڵکو پەیوەندی بەرهەمە، لەبەرئەوە تێکەڵکردنی هەموو ئەو پەیوەندیە ئابوریانە لە فکرێکدا، ئەوەیە کە برۆدۆن ناتوانێت ئەوە بدۆزێتەوە، تەنها وەڵامی (بریسۆ) نەبێت لە کتێبەیدا دەردەکەوێت کە سالی 1789 نوسیویەتی و پێی دەڵێت «دزینی موڵکایەتی».

ئــەوەی کە تەنها لـەو کتێبەدا دەیبینین و دەیـدۆزیـنـەوە لەو بیرکردنەوانەی برۆدۆن، بیرکردنەوەی دزینن لە بۆرژوازیەتدا کە بەسەر قازانجەکانی بۆرژواوزی شەریفدا پراکتیک دەبێت، لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە دەدزرێت سوکایەتی پێکردن و دارمانی موڵکیەتە، هەر بۆیە بەر لە هەر شتێک گریمانەی بوونی موڵکیەت دەکەین، برۆدۆنیش هەموو جۆرە موڵکیەتێکی بۆژوازی تێکەڵ بە خەیاڵی تەمومژاوی دەکات.

ئەو کاتەی کە بە ناچاری نیشتەجێی پاریس بووم لەساڵی 1844 برۆدۆنم ناسی، بیرم دێت ئەو لەوێ بوو، لەبەر ئەوەی من ئازاری سەفسەتاییەکانم دەدا، ئەو کاتەی کە موناقەشەکانمان تا درەنگی شەو بەردەوام دەبوو، ئەوکاتە بوو

که هیگڵی ناشرین دەکرد، چونکە ئەو زمانی ئەڵمانی نەدەزانی، هەر بۆیە نەیدەتوانی چاک هیگڵ بخوێنێتەوە، دوای ئەوەی لە پاریس دەرکرام کەوتمە هاوشانی هەر کارل کە ئەوکاتە مامۆستای فەلسەفە بوو.

پێش ئەوەی کتێبی دووەمی بڕۆدۆن بەناوی ( فەلسەفەی هەژاری) دەربچێت، یان میتۆدەکانی جیاوازی ئابوری، ئاوها موناقەشەکان درووست بوون، موڵکیەت چییە؟. لە واقیعدا برۆدۆن بە خوێندنەوەی ئابوری دەستی پێکرد، دوای ئەوەی کتێبە بچکۆلەکەی چاپکرد، لەوێدا ئاشکرای کرد کە ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە باسەوە هەبوو، نەشیدەتوانی وڵامی پێبداتەوە، ئەمەش دوای ئەوەبوو کە شیکاری بۆ ئابوری نوێی سیاسی کرد، لە هەمان کاتدا هەوڵیدا بەرێگەی خۆی چاپنەرێک لە ئابوری دیالیکتیکی پێشانبدات، یان دووبارە فەلسەفەی کانت وەکو هونەر بەکاربێنێت، بۆیە لەبری ئەوە فەلسەفەی هیگڵی وەک میکانیزمێک بۆ پێشکەوتن و کامڵبوونی کارەکەی بەکار دەهێنا.

ئەمەش وەکو رێزێک بوو بۆ دوو کتێبە گەورەکەی، دەبێت ئاماژە بەو کتێبە بدەم کە وەڵامە بۆ ئەو، لەوێدا دەرکەوت کە چەند لاوازە، چونکە زۆر رۆنەچووبووە نێو نهێنیەکانی دیالیکتیکی گشتییەوە، هەروەها ئەوەی کە پشتی بە چەمکی هێرمۆنتیکا بەستبوو لەو باسەی کە بۆ ئابوری کردبووی، سەرباری ئەوەش دەیزانی زاراوەی تیۆری بۆ پەیوەندیە مێژووییەکانی بەرهەمهینانە، ئەوەی کە پەیوەندی بە پلەی تایبەتی گەشەی بەرهەمهینانی ماتریالیەوە هەبوو، هەوڵی بۆ بدات و وەریبگێڕێتە سەر بیرکردنەوەکانی پێشوو، لەو دەورانەشدا ئەمە دەگەیشتە بنبەست لە ئابوری بۆرژوازیدا.

بۆیە منیش ئەوەم بەیان کرد کە زانیاریەکانی، وەک زانیاری قوتابیەک بوو، ئەوەی کە پەیوەندی بەئابوری سیاسیەوە هەبوو دەیویست رەخنەی

لێبگرێ، هەروەها چۆن تۆباوییەکان دەگەڕێن بەدوای «زانست»دا، بۆ ئەوەی بنچینەیەک بدۆزنەوە تاکو وەریبگێڕنە سەر مەسەلەی کۆمەڵایەتی و بیکەن بەشتێکی نوێ، یان بۆئەوەی زانستێک بەرهەمبهێنن لەمەعریفەی رەخنەگرتن لەبارەی جوڵەی مێژووەوە، ئەو بزوتنەوەیەی کە مەرجی ماتریالی بەرهەمدێنێ بۆ ئازادکردن، دەرکەوت کە بڕۆدۆن چۆن ناتوانێ بەهای ئاڵوگۆڕ بکات، چۆن ناتوانێ هەوڵبدات کە شەرحی تۆباوییەکان بۆ تیۆری (ریکاردۆ) بکات و بەهایەک کە بنچینەیەکی نوێ بێت، سەبارەت بەوەش کە پەیوەندی بە تیۆری گشتیەوە هەیە، دیسان تەعلیقی خۆم هەیە لەسەری.

بۆ هەموو لایەنێکی ئابوری، لایەنێکی پۆزەتیڤ و نیگەتیڤ هەیە، ئابورناسەکان وای دەبینن و قسەی لێدەکەن کە تەنها لایەنی پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام سۆسیالیستەکان ئینکاری لە لایەنە نیگەتیڤەکەی دەکەن، ئەوەی لە ئابورناسەکانەوە وەردەگیرێت کە پێداویستی پەیوەندیە ئابورییەکانە، ئەوەش کە لە سۆسیالیستەکان وەردەگیرێت، هەردوکیان لە هەژارییەوە دێن و هیچی تر، هەژاریش تەنها مەزهەبی شۆڕشگێڕانە دەیبینن کە کۆمەڵگەی کۆن ویران دەکات. ئەو دەیەوێت لەگەڵ هەردوکیاندا کۆک بێت، چونکە دەیەوێت بگاتە دەسەڵاتی زانستی، زانستیش بەنیسبەت ئەو بچوک دەبێتەوە بەرامبەر بە بونیاتی ئابوری، ئەو پیاوە بونیاتەکان ئاشکرا دەکات، ئەگەر بڕۆدۆن خۆی گێل بکات و بیەوێت رەخنە لەئابوری سیاسی و کۆمۆنیستی بگرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەوان کەمترە، هەروەها لەژێر پلەی ئابورییەکانە، گوایا فەیلەسوفی فکرە و بەخەمڵاندن دەیەوێت شەرحی وردەکاری ئابوری ساف وەدەرنێت، بۆخۆشی لەژێر پلەی سۆسیالیستەکانەوەیە، لەبەر ئەوەی ئازایەتیەکی تەواوی نییە و بیرکردنەوەیەکی تەواوی نییە تاکو خۆی بەرز رابگرێت لەسەرووی بورژوازییەتەوە.

ئەو دەیەوێت وەکو پیاوێکی زانستی بەسەر ئاسمانی بورژاوزیەت و پرۆلیتارادا بفڕێت، بەڵام بورژوازیەکی بچوکە و لەنێوان سەرمایەداری و کار و لەنیوان ئابوری کۆمۆنیستەکاندا دێت و دەچێت.

سەرباری ئەو حوکمە دڵڕەقانەی کە نوسیومن و ڕۆژانە دەینووسم، لە هەمانکاتدا دەبێت بیری لێبکەمەوە، چونکە رامگەیاندووە ئەو کتێبە تەنها شەرعیەتێکی بچوکی سۆسیالیستی بۆرژوازیە و هیچی تر، ئەمەشم بە تیۆری سەلماندووە، بڕۆدۆن ئێستاش نیوە شۆڕشگێڕە، هەروەک چۆن ئابوریناسە سیاسی و سۆسیالیستەکان لێیان دەڕوانی، بۆیە لەگەڵیدا کۆک نیم، چونکە خەریکی تێکدانی شۆڕشە، بڕوا ناکەم منیش و ئەوان بە هەڵە تێگەیشتبین، چونکە دەیەوێت ئاواتە نادادپەروەرەکانی تەواو بکات.

لە کتێبی فەلسەفەی هەژاریدا هەموو رێگە و عەیبەکانی بڕۆدۆن دەبینین، ئەو کاتەی بەراوردی دەکەین بە کتێبی « شۆڕش چیە» ئەو ستایلە دەهۆڵێکی بەتاڵە و فەرەنسییەکان لێیدەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆیەکی گەورە کە بە فەلسەفەی ئەڵمانی دەزانی، لەلای خۆشیەوە رایگەیاندووە کە لایەنگری زانستە، سەرباری ئەوەی کە لە هەوڵی یەکەمیدا گەرموگوڕیەکی تێدایە و وەک عەبقەریەک دەرکـەوتـووە، هەندێ قسەشی هەیە کە وادەردەکەوێت زانستی ڕەوانبێژییە، هەروەها ئەم کەموکورتیەی کرد بەشیعر، ئەو خۆی مامۆستای خۆیەتی و زۆر بۆ بەدەستهێنانی زانست کاردەکات، عەقلیەتی بۆرژوازیەتی بچوکیش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی بەربەری هێرش دەکات وەکو کانت. ئەوەی کە هەڵوێستی واقیعی هەیە بەرامبەر پرۆلیتاریا، پیاوێکی وەکو دینواییەش تێکی دەدات کە لە سێ بەرگی کتیبەکەیدا باسی دەکات .

بەهەرحاڵ شۆڕشی شوبات هاتە پێشەوە و بۆ بڕۆدۆن لەجێی

خۆیدا نەبوو، ئەمە لە چەند هەفتەیەکدا سەلمێنرا کە شۆڕش هەڵگیرسا. شۆڕش دژی خۆی وەستایەوە، ئەو کاتەی کە کۆنگرەی نیشتیمانی مافی هەموو ریزلێنانێکی هەبوو، ئەو کاتەی کە هەڵسا بە دژە تەوەرێک لە رێگای پێشنیارەکانیەوە، بۆیە بۆ هەموو ئەوروپای سەلماند کە بۆرژوازی فەرەنسایی لەسەر پشتی لاوازەکان بونیاتنراوە.

رەسیدی بەلاش و بانکی گەل یەکێک لەداوا کاریەکانی برۆدۆن بوو، من لە کتێبەکەمدا پێشەکیەک بۆ رەخنەی ئابوری سیاسی، بەشی یەکەم چاپی بەرلین ساڵی 1859 لاپەرە 59 تا 64 ئەوە دەسەلمێنم کە تیۆرەکەی ئەو خراپ تێگەیشتنە لە هۆکارە سەرەکییەکانی بۆرژوازیەت. «ئابوری سیاسی» یان پەیوەندی نێوان کاڵاو پوڵ، تاقیکردنەوەیەکی واقیعی بوو کە دەگەرێتەوە بۆ ئەو قسانەی پێش ئەو کراون.

«لە بارەی ئابوری سیاسیشەوە بە دیاریکراوی تەقدیری رێگەیەکی رەخنەیی داناوە، کار بۆ رزگار کردنی چینی کریکار دەکات، هەروەک ئەوەی لە سەرەتای سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لە ئینگلستان رویدا، رەسیدی رەخنەیی کاریکرد، تاکو بەرهەمی چینێک بۆ چینیکی تر بگۆڕێت، ئەم فکرەیەش کاری بۆ چەسپاندنی خودی فکرەکەی خۆی دەکرد، بەڵام ئەگەر وامان دانا سەرمایە کە داوای ئەوە دەکات بە یەک شێوە سوودەکان بۆ سەرمایەداری بێت، لەگەل ئەوەشدا بەکاری بێنێت بە سنایلێکی تایبەت بۆ دەستبەسەراگرتنی سوود، وەکو بنچینەیەک و پاڵپشتیەک بۆ کۆمەڵگە، دیسان ئەمەش تەنها خەیاڵی بۆرژاوزیەکی بچووکە، ئەم خەیاڵە تەنها لەلای بۆرژوازیە بچووکەکانی ئینگلستانی سەدەی نۆزدەهەم هەبووە، دژە بۆچوونی (برۆدۆن و باستیا) لەساڵی 1850 تایبەت بەسەرمایە هەبوو کەداوای سوودی دەکرد، بگرە کەمتریش بوو لەئاستی فەلسەفەی هەژاری.

وابزانم دواى چەند ساڵێک برۆدۆن نوسینێکى لەسەر باج نوسى و حکومەتى لۆزان تۆمەتباریان کرد. کەچى لەنوسینێکى تریدا کڵپەى عەبقەریەتى کوژایەوە و تەنها وەک بۆرژوازیەکى بچووک مایەوە.

برۆدۆن هەمیشە نوسینەکانى لەسەر سیاسەت و ئابورى بە چاوێکى پڕ ئیعتیبارەوە تەماشا دەکرا، چونکە دژە بۆچوونێکى دوو فاقیانەى تیدا بوو کە لە نوسینە ئابورییەکانیدا هاتبوو، ئەو هێرشانەشى کە بۆسەر ئایین و مەسیحیەت و هتد دەیکرد، وەک چاکەیەک مایەوە لە وڵاتەکەى خۆیدا، کە دەبوو وەکو باشترینیان بمێنێتەوە بە واستەى ئەوەى کە ئایین پەروەرە، لە سەرووى هەمووشیانەوە بۆ رژوازیەتى (ڤۆڵتێر)ى سەدەى هەژدەهەمدا. خۆیان بە بەرزتر دەزانى لە ئەڵمان و ئینکارى خوایان دەکرد لە سەدەى هەژدەهەم، ئەگەر وا دابنێین (پوترس) گەورەترین کەس بووە کە رقى لە روسیاى بەربەر بوو، بە بەربەرى دەیناسى، برۆدۆنیش بەوشێوەیە رقى لە عیباراتى فەرەنسى بوو، ئەو نوسینانەى کە لەسەر کودەتاکانى (لویس پۆنابارت) نوسیبووى، کارێکى وەهاى کرد کە لەگەڵ کرێکارانى فەرەنسى رێکەون، دواهەمین نوسینیشى دژ بە پۆلۆنیا بوو، ئەم دوو نوسینەى پێى دەگوترێت بەرهەمى خراپ و فکرى بۆرژوازى بچوک.

برۆدۆن لەژێر فشاردا (رۆسۆ)ى قبووڵ کرد، ئەمەش لە هەڵەیەک زیاتر هیچ شتێکى تر نەبوو، ئەگەر لەمەشدا بەراوردى بکەین، لە نوسینەکەى (نیکۆڵا) دەچێت بەناوى «تیۆرى یاساکانى شار» کە کتێبێکى سەرسورهێنەر بوو.

برۆدۆن مەیلێکى سروشتى هەبوو بۆ دیالیکتیک، بەڵام لە دیالیکتیکى زانستى حەقیقى تێنەدەگەیشت، بۆیە نەیدەتوانى بنوسێت و تەنها سەفسەتە نەبێ. ئەم سەفسەتەیەش تەنها لە تێروانینى بۆرژوازى بچوکدا قبووڵ دەکرا،

ئەوەش کە لەبارەی سوودەکانی ئابوریەوە دەیگوت، لەبارەی سیاسەتەوە بۆچوونەکانی ئاینی و هونەری بوون، هەر ئەمەش کە پراکتیک دەکرایە سەر ئەخلاقە و هەموو شتەکانی، دژە بۆچوونێکی زیندوو بوو، نموونەی وەک مێژوونوس (رومەر) هەبوو، ئەم پیاوە پیاوێکی وەهمی بوو، فێری ئەوەبوو یاری بکات بە دژە بۆچوونەکان و درێژەشی پێبدات، بە نیسبەت حاڵەتەکانیشەوە، نموونەی بریقەدار و خراپ و هەروەها کینە لە دڵانیش بوو، پاساویشی بۆ کارە سیاسییەکانی جیاوازیان نەبوو لە بیروبۆچوونەکانی، بۆیە هەستێکی کەمی ئەخلاقی هەبوو بۆ پاراستنی (رۆسۆ) کە دواتر ئەو هەستەی کوژایەوە.

پێدەچێت بەم تێڕوانینانەی بیەوێت نەوەی نوێی داهاتوو بەرهەم بێنێ، دوا هەنگاوی گەشەی فەرەنسی بێت، هەروەک لە گوتەکانی لویس پۆناپارت کە ناپلیۆن بوو، ( یان فەرەنسا) کە بڕۆدۆن و رۆسۆ و ڤۆلتێر کردیان. ئیدی ئێستا دەبێت ئەو لێپرسراویەتیە لە دەوری ئەو هەڵگرێت، حوکمکردن بەسەر ئەو پیاوەشدا لەسەر پشتی منە دوای مردنی.

**هاوڕیی دڵسۆزت**

**کارل مارکس**

## نامەی دەیەم
## لە مارکسەوە  بۆ فریدریک بۆلتە لە نیویۆرک

**وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: ئیبتیهال حسین**

**سڵاو هاوڕێم فریدریک**

دواجار من ئەنتەرناسیونالیزمی یەکەمم دامەزراند، چونکە کاتی خەباتکردنە لەپێناو ئەوەی کە سۆسیالیزم و نیوە سۆسیالیزم لە ریکخراوێکی راستەقینەی چینی کرێکار کۆبکەینەوە و پەیڕەوی ناوخۆ و بەیانی دامەزراندنەکەشی ئاماژە بۆ دوو شت دەکەن، لەلایەکەوە لەپێناو فراوانکردنی ئینتەرناسیونالە، لەلایەکی ترەوە ئەگەر میژوو نەبوایە ئەو بانگەوازە وێران دەبوو، چونکە گەشەسەندنی بانگەوازی سۆسیالیزم و بزووتنەوەی راستەقینەی کرێکار، هەردووکیان بەردەوام دژ بەیەک بوون.

بانگەواز بیانوویەکی مێژوویی نییە، تەنها ئەوە نەبێت هەندێکجار چینی کرێکار لەپێناو بزووەاندنی میژوویی سەربەخۆ پێڕاناگات، سنوردانانیش بۆ پێگەیشتن، تێگەیشتنێکی کۆنەپەرستانەیە، ئەگەر لەڕووی جەوهەرییەوە ناوی لێبنرێت، مێژووی ئینتەرناسیونالیزم خۆی دووبارە دەکاتەوە و ئاشکراش نابێت لە مێژوودا، هەر ئەو بابەتەشە کە هەوڵدەدات خۆی نوێ بکاتەوە و

لە چوارچێوەی کێشە هەڵقوڵاوە نوێیەکاندا دەچەسپێت.

**مارەکانی فەرەنسە و بەردەوام بوونی ئینتەرناسیونالیزم**

مێژووی ئینتەرناسیونالیزم بریتیە لە خەباتێکی بەردەوام و لەژێر سایەی ئەنجومەنێکە کە دژی بانگەوازەکەیە، هەروەها دژی ئارەزووە بزڕکینەرەکانیشە، چونکە فراوان دەبێتەوە و تێکەڵ بە ناوەخنی ئینتەرناسیونالیزم دەبێت، ئەوان پێچەوانەی بزووتنەوەی راستەقینەی چینی کریکارن، ئەم هەوڵە لەنێو کۆنگرەکانیشدا روویدا، وەک ئەوەی کە بە قەدەر گەورەترین رێگەی دانوستانە ناراگەیەنراوەکان بوو کە لەنێوان ئەنجومەنی گشتی و لقە جیاوازەکاندا هەبوو.

(بڕۆدۆن و مۆنۆیلین) لە پاریس لەو مارانە بوون کە دامەزرینەری ئەو کۆمەڵەیە بوون، بۆیە سروشتیە لە چەند ساڵی یەکەمدا لە سەرتاسەری ئەم بزووتنەوەیە راوەستن، بەڵام دوای ئەوەی بەرامبەرکەیان خۆی رێکدەخات، لێرەوە ئیتر جیاوازی کۆمەڵە و پۆزەتیڤیزم و ئەوانی تری جیاواز درووست دەردەکەون.

لە ئەڵمانیاش گروپی (لاسالییەکان lassalle)و من بۆ خۆشم لەگەڵ (شفایتزەر) کە لە ماوەی دووساڵدا دەنگێکی بزر بوو، نامە گۆرینەوەمان هەبوو، ئەمەش سەلماندی کە رێکخراوی لاسالی رێکخراوێکی بانگەوازکەرە و دیالیکتیک قبووڵ دەکات، بەڵام بە سیفەتی خۆی دژی رێکخستنی بزووتنەوەی راستەقینەی کرێکار بوو کە لە پشتیەوە ئینتەرناسیونالیزم هەبێت، بەڵام بیانووی خۆیان هەبوو بۆ ئەوەی لەمە تێنەگەن.

لە کۆتاییەکانی ساڵی 1868 (باکونین bakunin)ی روسی بۆ ئەوەی دامەزراندنی ئینتەرناسیونالیزم لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا دەرکەویت، ئینتەرناسیونالیزمی دووەمیشی ناونا (پەیمانی دیموکراتی سۆسیالیزم)، ئەوەی

که خاوەنی هیچ مەعریفەیەکی تیۆری نەبوو، تاکو ئەم ڕێکخراوە ببێتە ڕێکخراویکی تایبەت و نوێنەری دیعایە زانستییەکانی ئینتەرناسیونالیزم بێت، تاکو لەڕێگەی ئەم دیعایە تایبەتەشەوە تایبەتمەندیەک بە ئینتەرناسیونالیزمی دووەم بدات و لە هەناوی خودی ئینتەرناسیونایزمدا بێت.

هەڵبەت بەرنامەکەشی بریتی بوو لەتیکەڵەیەک لە بیروبۆچوونی یەکسانی چینەکان کە بە شێوەیەکی سەرپێیی وەرگیرابوو، سڕینەوەی مافی بۆ ماوەیی بەوەی کە دەرکەوتنی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وەکو پاشماوەی (سان سیمۆن)، بێباوەڕییان بەسەر ئەندامانی ئینتەرناسیونال سەپاند وەکو جۆرە باوەڕێک و هتد وابوو، بەڵام باوەڕی سەرەکی بەسەر شێوەی (برۆدۆنی) و قەدەغەکردنی سۆسیالیزم لە بزووتنەوەی سیاسی، بەشێکی باسە سەرەکیەکانە.

ئەم چیرۆکە منالآنەیە سەرەتا قبووڵ کراو وەرگیرا، بۆیە لە ئێستادا بە پلەیەکی دیاریکراو لە ئیتالیا و ئیسپانیا پێشەکیەکی فیعلی بۆ بزووتنەوەی کریکاری گەشەی سەندووە، هەروەها لەنێوان بەشێک لە باوەڕدارە دەستبەتاڵەکان و داواکار و لەخۆباییەکانی سویسرا و ڕۆمانیا و بەلجیکا سەرییان هەڵدا. جەنابی (باکونین) پێشترو ئێستاش خەو بەو مەزهەبەوە دەبینێت کە خودی خۆی لەبەش بەشی دانراوەکانی (برۆدۆن و سان سیمۆن) و ئەوانی تردا پێکدێت، ئەم کێشەیەش بە پلەی دووەم تەنها میکانیزمێک بوو خۆ گەورەکردن، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەیەکی تیۆری سفردا بێت، کودەتایەک بوو بەرامبەر ئەربابەکان، بۆیە لە ئەنجومەنی گشتیدا بە درێژایی چەند ساڵێک خەریک بوو دژی ئەم کودەتایە هەوڵیدەدا، ئەوەی کە شانسی پلەیەکی دیاریکراو بوو بۆ پاڵپشتی کردنی (برۆدۆن و فەرەنسییەکان) کە تەنها لە فەرەنسای خواروو هەبوون، دواجار بە بڕیاری کۆبوونەوەیەکی فراوان، بڕیارەکانی یەکەم و دووەمی پێدرا کە خۆی بۆ زەمەنێکی تر ئامادە کرد.

لەبەیانەکەدا هاتبوو کە ئەنجومەنی گشتی پاڵپشتی نەکرێ و لەئەمریکا خەبات لە دژی ئەوروپا بکرێت، لە بڕیارەکانی یەکەم و دووەم و سێهەمیشدا دیسان دەسەڵاتی شەرعی درابووە لیژنەی نیۆیۆرک، لەپێناو دانانی سنوورێک بۆ گشت ئەو بانگەوازانە و گشت ئەو ئارەزووە خراپانە، هەروەها لەپێناو دەرکردنی و دژ بەو دەستبەسەراگرتنە، هەر لەو پێناوەشدا بوو سەرەتا بزووتنەوەی سیاسی چینی کرێکار دوا ستراتیژی نەهێشتنی دەسەڵاتی سیاسی بوو بە قازانجی خۆی، کەوابوو لە رێکخستنی چینی کریکاردا پلەیەکی دیاریکراو هەبوو بۆ گەشەسەندن، بۆیە لەسەر خودی خەباتی ئابوری پێداگیری دەکرد، لەلایەکی ترەوە هەموو بزووتنەوە دژەکانی نێو چینی کرێکار، کە چینی چینە جیکەوتووەکان بوو، هەوڵیان دەدا فشاری دەرەکی بخەنە سەر تاکو بیبەنەوە، وەکو ئەوەی چەند بزووتنەوەیەکی سیاسی هەوڵی بۆ دەدا، بۆ نموونە لەرێگەی مانگرتن و جیاوازیەکانەوە و رق و کینە لە سەرمایەداری لە کارگەکان و تەنانەت لە لقی نێو لقە پیشەسازییەکان، هەوڵی ئەوە هەبوو سەعات کار کورت بکرێتەوە، ئەمەش بزوتنەوەیەکی تەواو ئابوری بوو، بەڵام بەپێچەوانەی بزووتنەوەی سیاسی، چونکە بزوتنەوەکە ستراتیژکەی ئەوەبوو کە بەزۆر یاسایەک بەرهەم بێنێت بۆ هەر رۆژیک کار هەشت سەعات بێت، بەمشێوەیە لەهەموو شوێنێک بزوتنەوەی کریکاری ئابوری جیاجیا سەری هەڵدەدا، بزوتنەوەی سیاسی و بزووتنەوەی چینایەتیش، لەپشت ئەمەشەوە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی بە شێوەیەکی گشتی و یەکسان هەوڵی دەدا، یان ئەوەی کە لەشێوەی هێزی یاسایی بوو بەنیسبەت هەموو کۆمەڵگە، ئەگەر ئەم بزووتنەوانە ئەگەری هەندێک رێکخستنی هاندەربوایە، ئیدی لەلای خۆیەوە بە قەدەر خۆی میکانیزمێک بوون بۆ گەشەسەندنی ئەم رێکخستنە. بەڵام چینی کرێکاری هان نەدەدا.

دوای ئەوەی (باکونین) کە نەیدەتوانی ڕێکخستنەکەی سەرکەوتن بەدەست بینێت لەپێناو سەرهەڵدانی دەسەڵاتی بەکۆمەڵ، بەمانای سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتی سیاسی چینی جێگەوتە، لەوانەش بوو لەهەموو حاڵەتێکدا لەم پێناوەدا ئامادەسازی بۆ بکرێت، لەپێناو هاندانێکی توندوتیژ بۆسەر ئەم دەسەڵاتە و هەڵوێست وەرگرتنێکی دوژمنکارانە دەربارەی سیاسەتی چینی جێکەوتە، بۆیە چینی کریکار لەژێر دەستی چینی جێکەوتەدا دەمێنێتەوە، هەروەک ئەوەی لە شۆڕشی سێپتەمبەری فەرەنسا ئیسپات بوو، لێرەش بەدواوە بە پلەیەکی دیاریکراو ئیسپات دەبێت، یاریەکەش تائیستا لە ئینگڵستان بەدەست (گلاستۆن) و هاوبەشەکانیەوەیەتی.

**سوپاس**

**هاوڕێت.. کارل مارکس**

لەندەن- تشرینی دووەمی 1871

## لە مارکسەوە بۆ ب. ج. برۆدۆن- پاریس

**ئازیزم برۆدۆن**

ئەو کاتەی کە سەفەری پاریسم کرد، زیاتر لە چەند جارێک بیرم لەوە کردەوە نامەت بۆ بنووسم، چونکە زروفی سەربەخۆییمان لە ئیرادە، کەوتە نێوان من و تۆو تاکو ئێستاش ماوەتەوە، تکایە بڕوام پێبکە کە کارم زۆرە، هەروەها ماندوبوونی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون و..هتد... هەیە، ئەمانە هۆکاری بێدەگیم بوون.

ئێستا دەچمە ناوەڕۆکی بابەتەکەمەوە، بە هاوبەشی لەگەڵ هەردوو برادەری ئازیزم «ئەنگلس و فیلیپ جیگۆی» کە هەردوکیان لە برۆکسلن، دەستمان کردووە بە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا. لەوانەیە موناقەشەیەکی زۆر زانستی هەڵبگرێت، بە چاودێرییەک نوسراوە میللیەکان و ئەو بانگەشانەی سۆسیالیستی دەیکەن، ئەوانەی کە لەوانەیە لە ئەڵمانیایە پێی هەڵبسن، چونکە ستراتیژی سەرەکی ئەم نامە گۆڕینەوەیە، پەیوەندیەک درووست دەکات لەگەڵ سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیادا و سۆسیالیستەکانی فەرەنسا و ئینگلیزەکان، هەروەها تێگەیشتنی بیانییەکان لەسەر دوا پێشهاتەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کە لە ئەڵمانیا گرێدرا، هەروەها راگەیاندنی ئەڵمانیا لە ئەڵمانیایا دەربارەی پێشکەوتنی سۆسیالیستیە

له فەرنسا و ئینگلتەرادا، لەو ڕێگەیەوە لەوانەیە جیاوازی لە بۆچوونەکاندا دەربکەوێت.

بــەردەوام دەبین لە گۆڕینەوەی بیرو بۆچوون و ڕەخنە و هەر بیانوویەکی خراپ، ئەم نەخشەیەی کەبەکارمهێناوە، ڕەنگە ببێتە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەزمانە ئەدەبیەکەی، بۆ ڕزگاربوون لە ناسیونالیزم، لەهەمووشی گرنگتر کاتی کارکردنە، هەرکەسێک لە ماجەرا و کاروباری وڵاتەکەی و وڵاتانی تری دەرەوە بۆی دەردەچێت.

لە سایەی کۆمۆنیستەکانی ئەڵمانیا و سۆسیالیستەکانی ئەڵمانیا و پاریس و لەندەن، نامە گۆڕینەوەمان بەردەوام دەبێت، پەیوەندیمان لەگەڵ ئینگڵستان بەپێی جێگە و ڕێگەی خۆی دەبێت، بەڵام سەبارەت بە فەرەنسا ئێمە بڕوا ناکەین بتوانین نامە بگۆڕینەوە لەگەڵ تۆدا بکەین، تۆ دەزانیت

ئینگڵستان و ئەڵمانیا ڕێزی زۆر لە هەر هاوڵاتیەک دەگرن، تۆ ئەوەش دەزانی کە مەسەلەکە نە لەمە زیاترە و نە کەمترە، تەنها ڕێکخستن و نامە ناردنە، هەروەها دۆزینەوەی میکانیزمێکە بۆ ئاگاداربوون لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە تەواوی وڵاتان، هەروەها کەڵک وەرگرتنێکی باش و جۆراوجۆر دەبێت، لەمبارەیەوە کەسێک ناتوانێت بە تەنها ئەمکارە بکات.

ئەگەر ئەم پێشنیارەت قبووڵ کرد، تێچوونی ئەو نامانەی کەدەینێری بۆمان و ئەوانەش کەبۆتی دەنێرین لەسەر ئێمە دەبێت، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی میکانیزمێک هەیە بۆ کۆکردنەوەیماڵیات لەئەڵمانیا کە ستراتیژەکەی ئەوەیە، تێچوونی ئەو نامە گۆڕینەوەیە دابین بکەین.

ئەو ئەدرەسەی کەدەینوسی، ئەدرەسی جەنابی فیلیب جیگۆیە، شەقامی بۆدنبروک 8، ئەویش نامەکان دەگەێنێنە برۆکسل.

لەوە زیاترم پێنیە لەم نامەیەدا، ئەم نامەگۆڕینەوەیە لەلایەن تۆوە دەبێت نهێنی بێت، هەروەک چۆن هاوڕێیانمان لە ئەڵمانیا بە زۆرترین هۆشیاریەوە کار دەکەن، بۆ ئەوەی خۆیان لە هەر مەترسیەک بپارێزن، بە پەلە وڵاممان بدەرەوە.

**هاوڕێت**

**کارل مارکس**

# ماركس

ئا:سمكۆ محەمەد

ئازیزم ئانینکۆف

نامەکەم زۆر دورو درێژە و بواریشم نییە قسە لەسەر حاڵەتی برۆدۆن بکەم کە بەبێ هیچ مانایەک دژی کۆمۆنیزمە، ئەگەر لەگەڵمدا کۆکی کە برۆدۆن پیاوێکە لەحاڵەتی ئێستای کۆمەڵگە ناگاتْ، لەوانەیە نەیەوێتْ لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیە بێتْ کە دژیەتی، یان ئەو گوزارشتە زمانەوانیەی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێری گەرەکیەتی.

تاکە خاڵێک کە برۆدۆن لەسەری کۆکە، ئەوەیە کە رقی لەخەون و هەستی سۆسیالیستی درۆینە هەیە، بەڵام بەر لەو سۆسیالیزمە تۆباویەکان ئەم رەخنەیەیان گرتْ، بەڵام ئایا برۆدۆن شەرمناکاتْ کە دەبێتە بۆرژوازیەکی بچووک، من ئاماژە بە بیرکردنەوە و جێگەی خۆشویستنی ئەو دەکەم لەو دژکاریەی بەرامبەر هەستی سۆسیالیستی هەیەتی کە بەقوڵی قسەی پێدەکاتْ.

بڕۆدۆن خۆی لەوە تێدەگاتٚ کە بۆشاییەک هەیە لەهەندێ شتیدا، تاکو ئەوکاتەی کە دەتەقێنەوەو دەمـار دەیگرێتٚ و ئەو توڕبوونەی لێدەردەکەوێتٚ، دەمی کەفدەگرێ و لەسنگی خۆی دەدا، سەبارەتٚ بەخوا و مرۆڤیش دەڵێ پیس نییە بەرامبەر بە سۆسیالیزم، کەواتە ئەو ڕەخنە لە هەستە سۆسیالیستیەکان ناگرێ، بەڵکو بۆنی دەکاتٚ وەکو ئەوەی پیاوێکی پیرۆزە و هەموو هەڵەیەکی هەژاران حەرامدەکاتٚ و خۆی بەرابردووەکانی بۆرژوازی دەوڵەمەند دەکاتٚ، هەروەها وەهمێکی پاتریارکیە و هەڵگیرسانی ئاگرە، لەراستیدا ئەمەش قسە کردن نیە.

بـڕۆدۆن لەسەریەوە تاکو پێی، فەیلەسوفێکی ئابوری بـۆرژوازی بچووکە، بۆرژوازی بچووکیش لەکۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو سۆیسالیستە لەلایەک، ئابوریشە لەلایەکی ترەوە، بۆیە ئەو لەژێر کاریگەری بۆرژوازی گەورەیە و داوای بەزەیی دەکاتٚ لەبەرامبەر خەڵک، لەهەمانکاتدا بۆرژوازی و پیاوی گەلە و لەناوی دڵیەوە خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ، لایەنگریشی بۆ هیچ لایەنێک نییە، بۆیە بەرامبەریەکی ڕاستی دۆزیوەتەوە کە جیاوازە لەسەفسەتە و شتەکان، بۆرژوازی بچوکی لەم تایپەش رەواج بەم پارادۆکسیە دەداتٚ، چونکە ئەم پارادۆکسیە بنچینەی بوونە، بۆیە پەیوەستٚ نییە بەخۆیەوە و شتێکی پارادۆکسی کۆمەڵایەتیە لە بزوتنەوەیەکی بەردەوام، بۆئەمەش پێویستە بەهانە بێنێتەوە کە واقعیە، کەواتە عەبقەریە لەبەرئەوەی بۆرژوازی بچووک، شێوەیەک لە شۆڕشە کۆمەڵایەتیە هەڵواسراوەکان دروستٚ دەکاتٚ.

سەرەنجام هیوادارم توانیبێتم لەگەڵ نامەکەمدا کتێبی ئابوری سیاسیم بۆ ناردبی، بەڵام بەداخەوە ناتوانم ئێستا ئەم کتێبە بەچاپ بگەێنم، ئەو کتێبەی کە ڕەخنەی فەیلەسوفە سۆسیالیستەکانی ئەڵمانی تێدایە، مەبەستم ئەوانەیە کەلەبرۆکسل قسەم لەسەریانکرد، بۆیە پۆلیس دژایەتی ئەو

کتێبە دەکاتْ و رێگە نادرێتْ بفرۆشرێتْ، مەبەستی ڕەخنە گرتنەکەشم لەوانەیە، کە گرنگی بەهەموو ئەو شتانە دەدەن کە من هێرشم کردوونەتە سەر، تەنانەتْ ئەوەی کە پەیوەندی بەحیزبمانەوە هەیە، ئەمەش نەک لەبەرئەوەی رەخنەکە لاوازو هەژارانەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بەشێک لەحزبی کۆمۆنیستی ئەڵمانی لێم توڕەبوون، لەبەرئەوەی نوسینەکانیانم بەتۆباوی (خەیاڵ) لەقەڵەمداوە.

سوپاس

هاوڕێتْ مارکس

برۆکسل 28 ی کانونی یەکەمی 1846

لەمارکسەوە بۆ ئەنگڵس "مانچستەر"

کۆمیتەی ئیتاڵیا لێکترازا، ئەمە یەکێکی ترە لەو داتایانەی لەبەردەستمدایە، زۆرینەی کەمایەتیەکان ئۆرگانەکانیان جێهێشتْ، ماتزینی دەربارەی رووداوەکە قسە دەکاتْ " دەنگی خەڵک". چوار هۆکارە سەرەکیەکانیش ئەمانەن، یەکەم ئەوەیە کە ئەوان خوایان ناوێ ئەمە ترسناکترە، داوا لە ماتزینی مامۆستاکەیان دەکەن کە بۆ بەرژەوەندی نەمساییەکان کار بکاتْ بۆ راپەڕین، دواجار دروشمی راستەوخۆیان بۆ بەرژەوەندی جوتیارە مادیەکانی ئیتاڵیایە، ئەم کارە بەبێ هێرشکردن نابێ لەلایەنی بەرامبەرەوە، بۆبەرژەوەندی مادی بۆرژوازی و ئەو لیبرالیانەی کە کتێبی ماتزینی گەورە دادەنێن.

بارودۆخی ئەم دواییە گرنگیەکی گـەورەی هەیە، ئەگەر ماتزینی و تەواوی ئەوانەی کە هانی جوتیارەکان دەدەن، کار نەکەن بۆ گەیاندنی جوتیارەکان لەئێستادا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لە مواکرینەوە بۆ خاوەن زەویە

شۆڕشگێڕەکان، وەزعی جوتیارەکانی ئیتاڵیا ترسناک دەبێت، خوێندنەوەیەکی قوڵم بۆئەم باسە کردووە، حکومەتی نەمسا لەکاتی سەرهەڵدانی شۆڕشدا دەردەچێتە دەرەوە، ئەو کەرەستانەی کە پێویستە لە گالیسیا 6، لەئێستاوە هەڕەشەکردن لەنێو جەرگەی" لوید" هەیە بەهەمو شێوەکانی موڵکداریەوە، هەروەها بە لەناوبردنی تێکدەرەکانیش، ئەگەر مانزینی ئێستا چاوی نەکاتەوە کەچاک دەزانێ، راستە کەتەدەخول لەبەرژەوەندی هانداندا هەیە، ئایا چۆن دەملیۆن فرەنک دەستەبەردەکەی، ئەگەر بۆرژوازی رووبەڕوی بەرەکان نەبووەوە، چۆن لەپێناو هاوکاری بۆپارێزگاری لە پێشڕەوەکان بکرێت، ئەگەر وا تەماشایان نەکرد کە ستراتیژی یەکەم ئەوەنەبێ کە دەست بەسەر موڵکەکانیاندا نەگرن؟ . ئەمەش لەبۆچوونی دیماگۆجی و قوتابخانە کلاسیکیەکاندا زۆر قورسە...

لەندەن 13 ئەیلول 185

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەیفرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن- شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |